**هەنگاوێك بۆ ساغكردنەوەی ديوانی**



# خاڵۆی کۆماسی

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی**

کاروان عوسمان عەلی

**پێداچوونەوەی**

موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی پاوە

بەرگی یەکەم

٢٠١٢

ئەحمەد بەگی کۆماسی

ناوی کتێب: هەنگاوێك بۆ ساغکردنەوەی دیوانی خالۆی کۆماسی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: کاروان عوسمان عەلی

پێداچوونەوەی: موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی پاوە

وێنەی ڕووبەرگ: قەرەنی جەمیل

بەرگ: ئامادەکار

تایپ و نەخشەسازی: کاروان عوسمان

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد — لقی کەرکووك ژمارە (١٧٣)

چاپخانە: کارۆ

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپی یەکەم.

# ناوەرۆک


وتەیەکی پێویست........................................
تێبینی لە سەر ئەم ئەسەرەی کۆماسی......................
پێشەکی................................................
ئازیز نەزانام..........................................
ئەریٚ ئازیز.............................................
ئەمان دەرچووە..........................................
بۆی شنۆی نەسیم بەهاران مەیۆ............................
بەگزادەی جافان.........................................
تۆبەکارانەن............................................
تلووع کەر جە نۆ........................................
پەی چێش نەشۆ جێش.......................................
پیری یاونای.............................................
جەفای تۆم وەردەن.......................................
خاو جە دیدەم دوور......................................
خەلقان هەراسان.........................................
چەرخ پڕ خەتەر..........................................
چراخ دێوانە.............................................
چراخ غەمگینم...........................................
چراخ کەردە بۆ..........................................
چراغم بیٚ ڕام...........................................
چراغم جەویر............................................


محەمەد بەگی کۆماسی




چراغم وازان.............................................

دڵە زامی نۆ.............................................

دڵە ها یاران بەرشییەن..................................

زوڵێخام ساوا.............................................

زەردی بۆی بەیان.........................................

ساقی سا کەی مەی........................................

سەردار سوپای بێ وەفا...................................

قیبلەم باسشەن..........................................

قیبلەم تاسەمەن.........................................

قیبلەم تەنیای تاق......................................

قیبلەم گرفتار...........................................

گڵکۆی تازە لەیل........................................

نە وێرانەی دڵ...........................................

نەو وەهار جە نۆ.........................................

نمەشۆم نە چەم دیدەم..................................

وە جەستەم نەبۆ.........................................

وە ساڵم پەی تۆ.........................................

چوارینەکان...............................................

فەرهەنکۆك...............................................

وێنەی دەستخەتەکان....................................

سەرچاوەکان..............................................

# وتەیەکی پێویست

پاش پێداچوونەوەی خۆم و مامۆستا موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی، سووپاس و پێزانینی خۆمی ئاراستەی مامۆستای ئەدەب دۆست و کەلەپوور ناس دەکەم، چونکە هەر لە سەرەتای ناسینییەوە دەستی هاوکاری بۆ ڕاکێشاوم و لە شوێنی خۆیدا، بە سووپاسەوە باسم کردووە، بۆیە لێرەشدا دەستخۆشی خۆمی ئاراستە دەکەم... هەروەها سووپاس مامۆستا موحەممەد عەلی قەرەداغیش دەکەم بەسەرچاوەی پێویست هاوکاریی کردووم، ئەوەی لێرەدا پێویست بکات قسە وباسی لە سەر بکەم، ئەوەیە دەمەوێ دوا بەدوای تێبینی و وتەکانی مامۆستا حەمە ڕەشید چەند قسەیەکی خۆم لەو بارەوە بکەم، هەر چەندە مامۆستا خۆشی لەوە ئاگادارە کە وتوومە دوا وتەی خۆم کەی دەنووسم...



ئەم بەرهەمانەی خالۆی کۆماسی کە لە بەردەستی تۆی خوێنەردایە، هەوڵ و ماندوبوونێکی زیاد لە دوو ساڵی لەگەڵدا کێشراوە، هەر چەندە بەرهەمی زیاتری ئەم کەڵە شاعیرە خۆشەویستە گرد و کۆ بکرێت، ئەوەندە من خۆشحاڵ دەکات، کاتێك دیوانی شاعیرێکی کورد لە کتێبخانەی کوردی بەتەواوی و بێ کەم و کورتی دابنرێت، نیشانەی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی ئەو نەتەوەیە دەبێ، هەر چەندە ڕەخنە و گازندەکانیش قورس و دڵ شکێن و بەئازار بێت، دەبێ لە پێناوی ئەدەبی نەتەوەکەماندا قەبووڵی بکەین و لە چاپی داهاتووشدا ئەگەر ئەو ڕەخنانە جێگەی باسبن، ئەوا چاك بکرێنەوە و سوپاسی لێکۆڵەریش بکرێت، ئەگەرنا ئەوا وەڵامی زانستیانەی لە جێگەی خۆیدا بدرێتەوە، بەش بەحاڵی خۆم گازندە و گلەیی هەموو کەسێك قەبووڵ دەفەرمووم و لە سەر چاوانی دادەنێم، چونکە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی من و ڕێ خۆشکردنی زیاترم و، پاڵم پێوە دەنێت

بۆ ئەوەی زیاتر ورد ببمەوە و تێبینی زیاتر لە سەر کارەکانم بکەم....

ئەگەرچی ئەم ئەسەرە پاشخانێکە بۆ سەر دیوانی خالۆی کۆماسی، لە هەڵە دوور نییە، منیش لەبەر ڕۆشنایی چەند دەسخەت و دیوان و چاپکراوێکدا کارم ئەنجام داوە، تاکو بتوانم خزمەتێك بە دیوانی کۆماسی بکەم.

ئەگەرچی ڕەخنەکانم لە پێشەکی ئەم دیوانەدا زۆر توند و ڕەقن، هیوادارم دڵی (بنەماڵە و کاك حەکیم)م لێ نەڕەنجێ، چونکە لە پێناوی ئەدەبی کوردی دا کار دەکەین و ئامانجیش پێشکەوتنە نەك دژایەتی کردنی یەك.

ئەم بەرهەمە هەر چەندە وردەکاری زۆری تێدا نەکراوە، بەڵام بەپێی ئەو نووسخە و بەڵگانەی بەردەستمان، وا دەرکەوتووە کە شیعرەکانی خالۆی کۆماسی و مەولەوی و بێسارانی.. تێکەڵاو بوون، بەڵگەش لەم بەرهەمانەدا دیارن و ناچمە قوڵایی شیعرەکان و باسەکەوە، بۆیە ناوی

بەرهەمەکەم نا: هەنگاوێك بۆ ساغکردنەوەی دیوانی خاڵۆی کۆماسی.

ئەگەرچی کەشکۆڵەکانی بەردەستی من تێکەڵاوی پێوە دیارە، بەڵام ڕەنجی شانی کەسانێکە، لە دەمانێکدا کاری خۆیان کردووە نە تەلەڤزیۆن، نە ئینتەرنێت، نە سەرتەلایت، نە مۆبایل، تەلەفوون نەبوون، تاکو بزانرێت ئەمە بەرهەمی کێیە، ئەویش لە دەماودەم و خانەقا و تەکییە و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی نێو دیوەخانی ئاغا و شێخ و مەلا و... دا وەری گرتووە.

مامۆستا حەمە ڕەشیدیش لە تێبینییەکانی خۆی بۆ سەر ئەم ئەسەرە، دەڵێت: دەبێ کەشکۆڵی موحەممەد سادق بخرێتە ژێر پرسیار و گومانەوە، بەڵام لە ڕاستی دا ئەم کەشکۆڵە زۆر شتی جوانی بۆ ئێمە کۆکردۆتەوە و هەرمانی نێو ئەم کەلەپوورە دەگمەنە، ئەوەیە کە هۆنراوەکانی بێسارانی و کۆماسی و میرزا شەفیع و غەمگین و خەمین و

مەحموود و... خەرمەنێکە... ئەمانە بەرهەمی نێو ئەم کەلەپوورەن، کەشکۆڵ نووسیش کاری زۆر جوانی کردووە، بێسارانی کەم هۆنراوەی هەیە ناوی خۆی نووسی بێت، بەڵام ئەحمەد بەگ وا نەبووە.. بۆیە من بەزێڕ و ئەڵماسی دەزانم و دەڵێم: بریا چەند نووسخەیەی دەگمەنی دیی وامان بکەوتایە بەردەست و هەرمانی باشی زانستیانەمان لەبەر بکردایە...

کەواتە: ڕەنجی بەری شانی فەرهەنگ دۆستێکی کوردە و هەڵسەنگاندنی بەپێی سەردەم و ناوچە و کاتی خۆی دەبێت.. منیش لەم بەرهەمەدا ئاوڕم لێداتەوە و خستوومەتە بەردەستی خوێنەرانی ئەدەبی کوردی، هیوادارم لە دیوانی خاڵۆی کۆماسی دا ئەوەی کە بەرهەمی خاڵۆیە جێگەی خۆی بگرێت و ئەوەی هی بێسارانییە ساغ بکرێتەوە و لە دیوانی بێسارانی دا بڵاوبکرێتەوە، ئەوەشی هی مەولەوییە، کاری بۆ بکرێت و بخزێنرێتە نێو دیوانی مەولەوییەوە.

چونکە لە کەشکۆڵی ئەحمەدی شاقەڵا و موحەممەد سادقدا هەندێك ئاڵۆزکاری هەیە، بەداخەوە هەر چەندە ئاڵۆزکاریی لەو دوو کەشکۆڵەدا هەیە، بەڵام جێگەی داخە کاك حەکیمی مەلا ساڵح تێکەڵاوی لەنێو شیعرەکاندا کردووە، بۆ نموونە: هۆنراوەی مەولەوی لە دیوانی کۆماسی دا دەبینرێت و لە دیوانی مەولەویشدا بڵاو کراوەتەوە لەلایەن هەمان ئامادەکارەوە، دیسانەوە هۆنراوەی بێسارانی لە دیوانی بێسارانی دا هەیە و دواتر لەلایەن هەمان نووسەرەوە لە دیوانی خاڵۆی کۆماسی دا بەدی دەکرێت و ئاماژەی پێ نەکردووە، ئەگەرچی هۆنراوەکانی مەولەوی ئامادەکار لە کتێبی هۆنراوە بڵاونەکراوەکانی مەولەوی دا ئاماژەی بەنامەی مەولەوی و کۆماسی کردووە... بەڵام لە دیوانی کۆماسی دا ئاماژەی بەوە نەکردووە...

بۆیە ئەم بەرهەمەی خالۆی کۆماسی بەری ڕەنجی شانی لاوێکی کەم خوێندەوارە و نەزان و ناشارەزایە لە شێوەزار و فەرهەنگی ئەدەبی کوردی گۆرانی دا...

جێگای ڕەخنە و باس و شکانەوەیە لەنێو نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستی زانیاراندا... ئەگەر زانستانە و زانیارانە لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت و ڕەت بکرێتەوە لە ڕەخنە سازی دا، ئەوا شانازی پێوە دەکەم، چونکە بەش بەحاڵی خۆم ئەوەی لە توانامدا بووە بۆ فەرهەنگی زمانی کوردی، ئەوە بووە، شارەزایی منیش لەو بوارەدا، ئەمەیە و ڕەت کراوەتەوە.. کەواتە: هەر کەسێك بەڵگەی زیاتری لە سەر ئەحمەد بەگی کۆماسی بدات بەدەستەوە و لەمەی من زیاتر بەڵگەدارتر بێت، ئەوا ئەمەی من با ڕەت بکرێتەوە و نەبێتە جێگەی بایەخ لە هیچ سەرچاوەیەکی زانستی دا....

ئەوەی بۆم کرابێت و بۆم لوا بێت، بەپێی سەرچاوە قسە و باسی خۆم کردووە، هیوادارم بەری ڕەنجی شانی کاك حەکیم

و بنەماڵەی شاعیریش سەرکەوتوو و جوانتر و ڕازاوە و بەرهەمدارتر بێت، بەلێکۆڵینەوەی وردتر و زانستیانەترەوە، لە چاپی داهاتووی خالۆی کۆماسی دا، هەرمانەکە بەری زیاتر و شیرین و سەوزتر بکرێ و بگەشێتەوە و ببێتە مایەی دڵخۆشی بۆ هەموو لایەك....

**کاروان عوسمان (ڕێبین)**

٢٥-١١-٢٠١١

## تێبینی لەسەر ئەم ئەسەرەی کۆماسی

سەرەتا بە دەست خۆشی لە بەڕێز کاك کاروان، کە بەڕاستی زەحمەتی زۆری کێشاوە بۆ جەماوەریی و لێکدانەوە و وردەکاری لە سەر هۆنراوە چاپ نەکراوەکانی خاڵـــۆی کۆماسی، ئەمەیش تەنها لە کەسێ ئەوەشێتەوە کە هۆگر و دڵسۆزی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بێت، لە کەناری ئەوەیش دا بە بۆچونی من هەندێ ئەشکاڵ لەم ئەسەرەدا بە تایبەت لەو شیعرانەی کە لێرەدا هاتوون هەیە، وا دیارە هی ئەحمەد بەگ نەبن، من ئەوەی بۆم کراوە ڕاستم کردوونەتەوە، ئەوەیش بە پێی سەرچاوە و بەڵگە و نامەکانن، هی ئەحمەد بەگ نین باسیان ئەکەم، ئیدی بڕیاری کۆتایی لە سەر شانی جەنابتانە، ئەوەش بڵێم شایەد لاپەڕەکان لەبەر دەستکاری و پێش و پاش یان بەراوردکردن، دوا بکەون و جێگۆڕکێیان لێ پەیدا ببێ، بۆ ئەوەی ناوی پارچە شیعرەکانیش دێنم.

سەرەتا لە پێشەکییەکەدا، باسی پلە و پایەی خوێندنی ئەحمەد بەگ ئەکرێت، فەرمووتە (ئەحمەد بەگی کۆماسی زۆری خوێندووە، ئەوەی کە هیچ خانەدانێك و بەگزادە و میر و خان و....ێك کوڕەکانیان کەم خوێندەوار نەبووە)، منیش دەڵێم: بەسەدان میر و بەگزادە و خانت بۆ دێنم کە خوێندنەوەیان لە ڕادەی خوێندن و نووسیندا بووە، یان هەر نەخوێندەوار بوون، لێرەدا ئەوە نابێتە بەڵگەیەك بۆ ڕەتکردنەوە یان پەسەندکردنی بۆچوونێك، ئایا ئەحمەد بەگ ئەسەرێ یان بەڵگەیەکی جیا لە شیعرەکانی، لە شوێن بەجێماوە کە بتوانین ئەو بەڵێنە بدەین و ڕادەیەکی خوێندەواری لە ئاستێکی بەرزدا هەبووە، ئەگەر نییە، ناتوانین هەروەها ئەوەی پەسەند یان ڕەد بکەینەوە، بەڵام شایەد دەبێ ئەوەی کاك کاروانیش بووبێت...

لە شوێنێکی دییدا باسی نامەکانی مەولەوی و ئەحمەد بەگ ئەکەیت، وەك لێکدانەوەیە لە سەر دیوانەکەی

مامۆستا حەکیم، واباشترە یان لەو شوێنەدا یان لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا ئەو شوێنانەی کە پەیوەندیان بەم بابەتەوە هەیە، یان ئەوە بخەیتە ڕوو کە باسیان لە سەر بکەیت، کە هەم لەدیوانەکەی مامۆستا مەولەوی و هەم لەیادی مەردان و ئەو سەرچاوەکانی تردا، ئەو شتانەی لە بەردەستایە.

پارچەی(خاوجەدیدەم دوور) ئەم پارچەیە تێکەڵاوییەکە لە چەند پارچەی بێسارانی، هەتا لە دەستنووسەکەدا پاش دێری (٦) (لە) نووسراوە، یانی (وەلەهو)، دووبارە لە ئەوە، ئەوانە هەموویشیان جیا لە کتێبەکەی کاک حەکیم لە کەشکۆڵەکەی عەبدولمؤئمین کە لەساڵی (١٧٣٩-١٧٩٧)دا نووسراوە، ئەو سەردەمە هەتا ئەحمەد بەگ لە دایك نەبووە، ئیدی چۆن کراوە بەناوی ئەو و جێگای باسە، سەیری ئەم پارچـــانەی بکرێت (خاو جە دیدەم دوور، لێت دیار مەبی، چراخم یاران،...)، هەم لە ئەوەی کاک حەکیم دا هەیە و هەم لەوەی عەبدولمؤئمیندا، ئەگەر بەوردی ئەوانی کەیش

بخوێنینەوە و بەراوەردیان بکەین، بێ گومان دەزانین لە کوێدا نووسراون، هەتا کاک ئەنوەریش لە ژێر نووسی لاپەڕەی (٢٠٠)دا دێرێکی لەم بابەتەی نووسیوە، کە بێگومان ئەویش شتێکی دیتوە بۆیە ئەوەی نووسیوە، ئەمانەیش هیچکامیان ئەو پاکانەیە ناکەن کە ئەو شیعرە بکرێت بەهی خاڵۆی کۆماسی، هەروەها وتمان لەو سەردەمەی کە دەستنووسی عەبدولموئمین نووسراوە، خاڵۆی کۆماسی لە دایك نەبووە، بەس هەر بەمەیاندا دیارە کە زۆربەی ئەو شیعرانەی لەو دەستنووسی میرزا سادق یان موحەممەد سادقدا نووسراوە، دەکەوێنە گومانەوە و جێگای متمانە نین، شایەد ئەو کەسەش کە دەستنووسەکەی خوێندوەتەوە بەجوانی لێی تێ نەگەیشتبێت.

(ساقی سا کەی مەی) ئەم پارچەیە لەو پارچەی مەلا فەیزوڵڵا و ئەلیاس بەگ کەپەیڕەویان کردووە، لەوەی بێسارانی بەناوی (ساقی مەی دارۆم)ە و لە کەشکۆڵەکەی

عەبدولمۆئمی، لەن لاپەڕەی (٣٠٤ و ٣٠٥) هاتوون، زۆر نزیکە ئەگەر هی ئەو سەردەمەش نەبوویێت، پەیڕەوەی لەوانەی کردووە.

پارچەی (چراغم جەویر) بە بێگومان هی بێسارانییە، بۆ ئەوەی لە دەستنووسەکەی عەبدولمۆئمینی مەردۆخی کە لە ساڵی (١١٩٨)ه ق دا نووسراوە هاتووە، هەروا باسمان کرد لەو سەردەمانەدا هەتا ئەحمەد بەگ لە دایك نەبووە، ئیدی چۆن ئەو شیعرە بە ناوییەوە نووسرابێت؟ سەیری لاپەڕە (٢١٨)ی کەشکۆڵی عەبدولمۆئمین بکەین کە بنکەی ژین چاپی کردووە، جوانتر بۆمان دەرکەویت ئەو دەستنووسە چەندە جێگای متمانە نییە.

(چراغم وازان)، بیٚ هیچ گومانیٚ ئەمیش هی بێسارانییە، بۆ ئەوەی جیبیا لەوی کاك حەکیم، لەو سەرچاوەیەدا یانی کتێبەکەی بنکەی ژین لاپەڕەی (٢١٩) دا هاتوەو باسەیری ئەم دوو دێڕەی کۆتایی هەردووکیان

بکەین، بەجوانی بۆمان دەردەکەوێت ئەو دەستنووسە چەند هەڵەی تێدایە، هەروا کە وتمان شایەد خوێنەری دەستنووسەکەش نەیتوانیبێت باش واخانی بکات؟!

ئەوەی دەستنووسەکەی موحەممەد سادق:

حەی پابەند تۆن شای بەینەت داران

بەو بـابـا شێخە پـــــەی بێساران

ئەوەی عەبدولموئمین:

دڵ پابەند تۆن شای بەینەت داران

بـــەو بابا شێخە ماڵ جە بێساران

بەسەیرکردنێ لەو دوو دێرە هەموو شتێکمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە، ئیدی پێویست بە باسی دیی ناکات.

هیچ کەس ناتوانێ ئەوە پەسەند بکات کە کاك حەکیم ئەو پارچەیەی بەناوی (خاڵۆ ویەردەن)ی بەناوی مەولەوی هێناوە، هەم بەناوی ئەحمەد بەگیشەوە تۆماری کردووە، چۆن شتی وا ئەبێت؟ لەلایە تریشەوە هەر کەس بگرە بەگوێرەی

خۆی ئەو جۆرە ناتەواویانە لە ئیش و هەرمانەکانیاندا بەرچاو ئەکەوێت، بۆ وێنە نەجمەدینی مەلا کە جەنابتان زۆر تاریفتان کردووە، ئەڵبەتە لەلایەکیشەوە شایانی تاریف و پیاهەڵدانە، کەچی هەر ئەم بەڕێزە لە لاپەڕەی (٣) دەستنووسەکەی دا کە باسی (مەولانا خالید) ئەکات، ئەڵێت: ئەم پارچە شیعرەی کە بە شێوەی (جاف)ی نووسیوە، کەچی شیعرەکەش بەشێوەی هەورامییە (قیبلەم فیراقت...)، * ئەوەی جێگای سەر سوڕمانە مامۆستا

---

* نەجمەدین مەلا یەکێکە لەو ئەدەب دۆستانەی کورد لە ناوچەی سلێمانی و لە سەردەمی پیرەمێردی نەمردا، لای لە زۆر شاعیر کردۆتەوە کەشکۆڵی نایابی نووسیوە، بەڵام لە هەڵە بەدەر نەبووە، چونکە زۆربەی کارەکانی پیرەمێری نووسیوەتەوە، پیرەمێردیش شیعری وای هەبووە چەند وەرگێڕانی لە سەر کردووە، جارێك ناوی نووسیوە و جارێك بەبێ ناو تۆماری کردووە، کاتێك تەماشای دیوانە چاپ کراوەکەی پیرەمێرد دەکەین، دەبینین شیعری میرزا شەفیع و خانای قوبادی و ئەحمەد بەگی کۆماسی و مەولەوی و بێسارانی.. هەندێك لە شیعری ئەو شاعیرانەی وەرگێڕاوەتە سەر شێوەزاری سلێمانی، نەجمەدین مەلاش لە

نەجمەدین کە ئەوەندە خۆی بەهۆگری فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی زانیوە، چۆن زاراوەی جاف و هەورامی یان گۆرانی جییا نەکردووەتەوە، لەلایە تریشەوە ئەو پارچە شیعرە واتە: (قیبلەم فیراقت...) هی میرزا عەبدولقادری پاوەییە و لە دیوانەکەی میرزا عەبدولقارد لە لاپەڕە (١٢٦)دا هاتووە کە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هەورامان چاپی کردووە، بەس ئێمە نابێ ئیشکال یان ئیراد و ناتەواوی کەسێکمان چاو پێ ئەکەوێت ئەوەندە گەورەی کەین کە هەرمانەکەی بێ بایەخ بێت.

لە سەر ئەو پارچەیەی کە بە(خالۆ ویەردەن...) ناوی هاتووە، هەروا وتم: منش بەش بەحاڵی خۆم لەوەی سەر دەرناهێنم چۆن کەسێکی وەك کاك حەکیم ئاوا هەرمانێکی کردووە، لە لایەکی تریشەوە ئەو شیعرە هی مەولەوییە و

---

کەشکۆڵەکانی دا نووسیویەتی و لە گۆڤاری ژین وەری گرتووە، بەشێوەی هەورامی یان گۆرانی وتووە: جافی، کە ئەمەش هەڵەیەکە کردوویەتی.

تەنها چەند دێڕێکی پێ زیادکراوە، لە سەر ئەوەی کە جەنابتان فەرمووتانە ئەوە لە ئسلووبی مەولەوی ناکات، سەرەتا با شیعرەکەی مەولەوی جیاواز بنووسینەوە کە لە دوو پارچە وەرگیراون، کاتێ بە شێوەی جیاواز خوێندمانەوە ئەوکاتە دەرئەکەوێت لە ئسلووبی مەولەوی ئەکات یان نا؟

یەکەم پارچەی (پەژارەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن) لاپەڕەی (١٠٨) دیوانەی مامۆستا مودەڕس، بەم شێوەیە نووسراوە:

پەژارەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن
دووریت ڕیشەی دڵ خەیمە کەن کەردەن
فیراقت فەرقم وە تۆ تیا کەرد
جیاییت ئازام جە هەم جیا کەرد
وە سواسەت وەی تەور، ئێش دان وە جەرگم
وە مەرگت قەسەم، ڕازیم وە مەرگم

وێت بدەر ئینساف نەونەمامی نۆ
مەردەن خاستەرەن یاخۆ دووری تۆ
مەردەن یەك ساتەن، ئەرواحەکەی وێم
دووریت هەر ساتێ سەد مەرگەن پەرێم
مەر جەستەی خەستەی من جە فولادەن
یەند دووریت وینۆ هێمای هەر شادەن
دەك ڕەحمەت ئەو قەبر گشت وەفاداران
خسووسەن ئەو کەسە، شای وەفاداران

ئەڵبەتە سێ دێری لە پارچەی (خەمە فرسەتی...) لە لاپەڕە (١٩٩) وەرگیراوە کە ئەویش ئاوایە:

خەمە فرسەتێ، ساتێ وەبێ خەم
گەرد پاڵاکەش بگێڕۆ وەچەم
چەرخ چەپ چەنیم ڕاس بەستەن کەڵەك
مەر من سەنگم دان وە مینای فەڵەك

**چەپ گەرد نمازۆ ساتێ فەراقەت**
**ئەی خوا یا وەسڵ، یا مەرگ یا تاقەت**

**ئایا ئێستاش ئەگەر ئاوا بخوینرێنەوە هەر لە سەر ئاو باوەڕەیت لە ئسلووبی مەولەوییەوە دوورن، ئاخۆ کێ ئەتوانی ئەو سەنایەعە ئەدەبییە کە مەولەوی بەکاری گرتووە بیدا بە پاڵی کەسێکی کەدا، من بەش بەحاڵی خۆم ئەوانەی بەهی مەولەوی ئەزانم و سەرچاوەکانیش وا دەڵێن، دەبا ئەو شیعرانەی جیا لەئەمانە کەهی مەولەوی نین بیان نووسینەوە.**

**خاڵۆ ویەردەن، خاڵۆ ویەردەن**
**هیجرانت یەکجار جە حەد ویەردەن**
**دەك ڕەحمەت ئەو قەبر گشت سینە سافان**
**خسووسەن (یەعقووب) میرزاکەی جافان**

**دایم پەرێو من ها جە بەهانە**
**گاهێ ئەسفەهان، گاهی جە بانە**
**با شەوی شین کەم وە شەو نالێنت**
**یا ڕۆیە ڕۆکەم وەزاری و شینت**
**یا نالەم چەنی نالەت بخێزۆ**
**یا دیدەم ئەسرین پەرێت بڕێزۆ**
**یا شەمەی جە شەرح دووری دووبارە**
**داخ هیجر و وەسڵ، دڵەی سەد پارە**
**عیشوە و کریشمە و حۆری جەمین گوڵ**
**عەرزکەم وە پابۆس، پەی تەسکین دڵ**

**دەبا لە ڕوانگایە ترەوە تەماشای ئەم شیعرە بکەین، ئەوەی جیا لە مەولەوی، ئەگەر چەند دێرێك كەوا ئەزانم تەپێنراونەتە ناو ئەم پارچەیە، وەك ئەوەی (ئەسفەهان و میزا یەعقووب) لابەین، بەبڕوای من ئەکرێت بڵێین ئەم بەشەی دوایەی جوابی ئەحمەد بەگ بێت بۆ پارچەی (جەرگت**

لەت لەت بۆ چەواشەی چەپ گەرد)ی مەولەوی، کە بۆ دوورکەوتنەوەی خالۆی کۆماسی گوتوویە، ئەڵبەتە وادەزانم کە هەندێك ناتەواو بێت، جیا لەوانەش ئەگەر لەم ڕوانگایەوە سەیری بکەین ئایا ناکرێت ئەوە بێت؟

پارچەی (دڵە هایاران بەرشین) ئەوەیش هی مەولەوییە سەیری پارچەی (یاران بەرشییەن جەی زیدوو زامن)، لاپەڕەی (٥٤٠) بکرێت، هەتا ماموستا مودەڕس نووسیویەتی مەولەوی ئەم پارچەی بۆ کۆچی دوایی ئەحمەد بەگ داناوە، بێگومان ئەو بۆچوونەی مامۆستای نەمریش دروستە.

لەشوێنێکی کەدا فەرمووتانە: (کاك حەکیم) فەرموویەتی: میرزا یەعقووب شاعیرێکی نەناسراوە، جێگای سەرسووڕمانە)، من بەرگری لە وتەکەی کاك حەکیم ناگەم، بەڵام بەشێوەیەکی پرسیار، میرزا یەعقووب کێیە و کام ئەسەری لە بەردەستایە؟ ئەوەیش نابێتە هۆکارێ کە

مەولەوی ناوی هێناوە ئیدی کەسایەتییەکی ناودارە، ئەبێ خۆی ئاسارێکی لە بەردەستا بێت، یان لە سەرچاوەکاندا جوان پێناسە کرابێت، تاکو کەسایەتییەکی ناودار هەموو کەسێ بیناسێت.

ئەو پارچەی کۆتاییش یانی (نمە شۆم دیدەم) هەروا کە باسم کرد جیا لە سەر دێرەکەی کە ئەویش وادەزنم ئاڵو گۆڕکراوە، لە پارچەی (پەی چێش نەشۆ جێش...)دا هاتووە، ئیدی پێویست بەلێکدانەوە ناکات، تەنها بۆ وێنە سەیر ئەم دوو نیوە دێرە لە هەردوولا بکە و بزانە کامیان دروستە.

یەکجار ڕەنگ وەبەر نەك غەزەب لێت وارۆ

نەك یەکجار وەی ڕەنگ غــەزەب لێت وارۆ

ئەوەی بەشێوەیەکی زۆر کەمیش سەری لە شیعر بێتەوە بەوەی دەزانێت، کە نیوە دێری یەکم نە ئەوەی ئاڵوگۆڕ کراوە و نەزم و بڕگەکانیشی تێك چووە، من ئیدی باسی هەموویان و دەست کاریشی ناکەم بۆ ئەوەی هیچ بەڵگەیەم

لە بەردەستدا نییە، ئەوەی بەدەستی خۆتە کە ئەمانەش لەو شیعرانەدا بهێنیت یان نا؟ بەڵام بەبڕوای من جیا لەوانەی کە بێگومان دەرکەوتوون هی ئەحمەد بەگن، ئەوانی کەیان ئەگەریش دێنیتان، ئەبێ ئەوەش بڵێیت کە ئەوانە لەچی سەرچاوەیەکدا و بەناوی کێی تریشەوە نووسراون و هاتوون، ئیدی بەسووپاسی دووبارە و هەربژیت.

**موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی- پاوە**

# پێشەکی

خاڵۆی کۆماسی یەکێکی دییە لەو شاعیرانەی ئـەدەبی کلاسـیکی گـۆرانی و بەشـێوەزاری گـۆرانی "ماچـۆیی" هۆنراوەی هۆنیوەتەوە، تەمەنی ئەم کەڵـە شـاعیرەی ئـەدەبی کوردی، هاوتەمەنی خواناس و قەلەندەر و زانا و دانای کورد مەولەوی یان مەعدوومی تاوەگۆزییە، دۆستی یـەکتربوون و مەولەوی زۆر خۆشی ویستووە، زیـاتر بـە خـاڵۆ نـاوی لـێ بردووە، ئەڵبەتە خاڵۆی کۆماسـیش ئـەوی بەهـەمان شـێوە خۆش ویستووە...

لەم ماوەیەدا هەواڵی ئەوەم بیست کـە گوایـە دیـوانی ئەحمەد بەگی کۆماسی چاپ کراوە، دوای گەڕان و پشکنین و تەلەفون و تەلەفونکاری، بیستم لەلایەن کاك حەکیمی مەلا ساڵح لە ئێران چاپ کراوە، هەر چـەندە نووسـخەیەکی ئـەم

دیوانە لە کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستاندا نابینرێت، دوای پەیوەندی کردن بە کاك "حەکیم"ەوە بەڵکو نووسخەیەکی ئەم دیوانەم لەلای دانەرییەوە پێ بگات، لەوەش بێ ئومێدبووم...

نابێ ئەوەش بشارمەوە کە پێشتر لەلایەن کاك موحەممەد عەلی سوڵتانییەوە لە ئێران بەشێوە و ڕێنووسی فارسی چەند پارچە شیعرێکی خالۆی کۆماسی چاپ کراوە، ئەو نووسخەم لای مامۆستا ڕەفیق ساڵح لە بنکەی ژین بینیوە، بەڵام دوای ماوەیەك کە چووم ئەو نووسخەیە وەربگرم و کۆپییەکی بکەم، ئەوەش لە کتێبخانەکەدا نەمابوو... دوای گەڕانێکی زۆر ئەو هیوایەشم چوو...

دواتر لەلایەن مامۆستا موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی لە پاوە نووسخەیەکی ئەم دیوانەم دەستکەوت، لەگەڵ چەند پارچە هۆنراوەیکدا کە بڵاو نەکرابوونەوە، لەگەڵ مامۆستای ناوبراودا ئەو هۆنراوانەمان هەر لە پاوە لەگەڵ ئەوەی کاك

حەکیم دا بەراوردمان کرد، ئەوانەی کە چاپ نەکرابوون هەر زۆر بوون و جێگای ئەوەیان بوو کە هەرمانیان لە سەر بکرێت، بەڵام لە ڕووە ئەدەبییەکەوە زۆرم پێ ناخۆشبوو، چونکە زۆر پەلە کرابوو لە چاپ کردنی دیوانەکەدا، وەکو لە پێشەکی دیوانەکەشدا ئاماژەی پێ کراوە و وتراوە: نەمان ویست لەمە زیاتر ئەم بەشە لە دیوانەکەی خاڵۆی کۆماسی دوا بکەێت...

بەڵام ئەمانە هەمووی هەر قسە و باسن.. ماوەیەکی زۆرە دەمەوێ کار لە سەر دیوانی ئەحمەد بەگی کۆماسی بکەم و ئەم بۆچوونەیشم لەگەڵ مامۆستا حەمە ڕەشید و مامۆستا قەرەداغی دا کردووە، ئەوانیش دەستی یارمەتی خۆیان بۆ درێژ کردووم....

جگە لەو سەرچاوانەی کە لە کتێبەکەدا ئاماژەی پێ کراوە، وەکو مێژووی ناودارانی کورد و مێژووی وێژەی کوردی و... بەڵام بەداخەوە هەر کارەکە پەلەیە و چەندین بەرهەمی

کۆماسی هەیە کە لە دیوانی کۆماسی دا نابینرێـت.. هــەر چــەندە کــاك حــەکیم لــە ژیاننامەکــە و پێــشەکییەکەی بنەمالـّەدا نـاوی چـەند دەستنووسـی هێنـاوە، بـەڵام هـیچ نووســخە و کۆپییــەکی ئــەو دەستنووســانە لــە کۆتــایی کتێبەکەدا نابینرێت و نازانرێت ئەو سەرچاوانە لـە کـوێن و چۆنن و چین و چی نین، کەی نووسـراونەتەوە، ئێـستا لـەلای کێیە و چیان تێدایە...؟!

جگە لەمانەش کە باس لـە ژیـانی خـاڵۆی کۆماسـی کراوە و وتراوە لە ساڵی (١٧٩٣-١٨٧٦) ژیاوە، نەوتراوە لە چی سەرچاوەیەك کەڵکی وەرگرتـووە، تـاکو خوێنـەر دڵنیـا بێت لە ساڵی ژیان و مردنـی خـاڵۆی کۆماسـی.. یـەکلایی نەکردنەوەی ژیانی کۆماسی ئەوە دەگەیەنێت کە ناڕاستەوخۆ و بێ بەڵگە ساڵی دانراوە، ئەگینا بۆچـی و لەبەرچـی نـاوی سەرچاوە نەهێنراوە، هەر چەندە کاك حـەکیم ئەمـە یەکـەم کتێب و یەکەم کاری نییە.. بۆ ساڵی زاومەرگی لـە هەنـدێ

شوێنی ژیانەکەیدا تەنیا ئاماژە بەو سەرچاوانە کراوە کە چاپ کراون و هەر یەکێکیش سالێکی نووسیوە، ئەم دیوانە تازەی کۆماسیش کە بنەماڵە کاری لە سەر کردووە، یەکێکی ترە لەو سەرچاوانەی کە دەبێ پەردەی گومان بخرێتە سەری، چونکە ئەوان هەر یەکەیان سالێکیان نووسیوە، ئەمیش دەچێتە ڕیزی ئەوانەوە...

هەروەها وتراوە: بەپێی ناوەڕۆکی شیعرەکانی، لەوە ناچێ کە خوێندنی ئەو سەردەمەی تەواو کردبێ، چونکە وەکو لە دوو توێی شیعرەکانی شاعیرێکی وەکو مەولەوی دا تەواوی زانستە ئیسلامییەکانی ئەو ڕۆژگارە هەست پێ دەکەین، لای ئەم وانییە. لەوە ئەچێ هەندێکی خوێندبێ و ئیتر بەبۆنەی بەڕێوەبردنی ژیانی دیوەخانەوە وازی لێ هێنابێ....

بەداخەوە وەکو دەبینین ژیانی ئەحمەد بەگ زۆر بچووک و تەسک کراوەتەوە، بەشێوەیەك دەبینی کە ماوەیەکی زۆر کەم

ژیا بێت، هیچ کارێکی نەکردبێ و هەر لە دیوەخانەکەی خۆی دا دانیشتبێ و چایی و قاوەی خواردبێتەوە... پلەی خوێندنیشی زۆر بچووك و کەم کراوەتەوە، بە بۆچوونێك دەڵێم: ئەحمەد بەگی کۆماسی زۆری خوێندووە، ئەوەیە کە هیچ خانەدانێك و بەگزادە و میر و خان و...یك کوڕەکانیان کەم خوێنەوار نەبوون، بگرە مامۆستای تەواو و تایبەتیان بۆ گیراوە، تاکو بوون بە خوێندەوارێکی باش، ڕەنگدانەوەی بابەتە ئیسلامییەکان لە شیعری شاعیرێکدا نابێتە بەڵگە و پێوەر بۆ ئەوەی کە ئەم شاعیرە کەمی خوێندبێت، لەوانەیە شاعیر هەستێکی دڵدارانەی هەبووبێ، یان پلەی دین و ئیمانی بەهێز نەبووبێت، یان حەزی لەو ڕێبازە شیعرییە نەکردبێت، مەولەوی لەناو کرۆکی شێخ و مەلا و... بووە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە بابەتە ئیسلامی و دینییەکان لە هۆنراوە و تەنانەت لە نامە شیعرییەکانیشدا ڕەنگ بداتەوە، بەڵام خاڵۆی کۆماسی بەگزادە و خاوەن دیوەخان

بووە، دەبێ ئەم بابەتە ئایینییانە ڕەنگدانەوەی شیعریی بێت لەلایی و ببێتە هـۆی ئـەوەی شـاعیرێکی لـە خـوا تـرس و عارفانە و سۆفی و قەلەندەر بووبێت.. ئەڵێم: کۆماسی خاوەن دیوەخان و بەگزادەی ناوچەی خۆی بووە کە ملی بـۆ قاجـاری نەخەواندووە، هەستی دڵدارانە و شاعیرێکی ئەوینـدار و دڵ تەڕ و سەر بە ئەو ڕێبازە بووە... چەندین شـاعیرمان هـەبووە جوتیار و کرێکار بوون، هـۆنراوەی ئاینیـان وتـووە، قـانعی شـاعیر کـەم هـۆنراوەی ئـاینی هەیـە، بـەڵام بـە شـاعیری چەوساوەکان ناسـراوە، خـەلیل منـەوەری کاکـەیی شـیعری ئـاینی و دڵـداری و هـەجووی هەیـە، بـەڵام بـە شـاعیری چەوساوەیی ناسراوە، خانای قوبادی بەشاعیری خاوەن چیرۆك و داسـتان ناسـراوە و وەرگێڕێکـی زۆر بـاش بـووە، لـە هەمانکاتیشدا خان و خاوەن دەسـەڵات و نـاوداریش بـووە و هۆنراوەی ئایینی زۆر جوانیشی هەیە....

خاڵێكی دیی وەك ڕەخنەیەك لەبابی ژیانی كۆماسی دا ئەگەرچی ڕاستە، بەڵام زۆر جێگەی سەرسووڕمانە، چونكە زۆر بەكورتی باسی هاوتەمەنی لەگەڵ مەولەوی دا كردووە، تەنانەت ئەو نامە هۆنراوانەی كە مەولەوی و كۆماسی بۆ یەكدیان ناردووە، نامەكانی مەولەوی پێش چاو ناكەون و نازانین چەند نامەی هەیە، ئەگەرچی مامۆستا حەكیم دیوانی شیعرە بڵاونەكراوەكانی مەولەوی چاپ كردووە، دەبا ئەوەشی بزانیبایە و ئەو ڕێبازە شیعرییەی پەیڕەو بكردایە كە نامەی هەر كەسێك بڵاو دەكرێتەوە، دەبێ نامەی بەرامبەریش بڵاو بكرێتەوە، چونكە خوێنەر ئاگادار دەبێت لە وەڵامی شاعیر یان كەسی بەرامبەر چۆن بووە و چییە و چی نەبووە؟!

وەڵامدانەوەی و وەڵام نەدانەوەی، كارێكی ترە، بەڵام خوێنەر تووشی سەرسووڕمان دەبێت لە دیوانی كۆماسی، ئەم دوو شاعیرە خۆشەویستە، كە نامە گۆڕینەوەی باشیان

لەگەڵ یەك هەبووە و ژیانی هەردووکیان لە بەرامبەر یەکدا ڕوون دەکاتەوە، بۆ نموونە: لە نێوان خانـای قوبـادی و مـیرزا شەفیع دا چەند نامەیەك هەیـە، وەکـو لـە دیـوانی خانـادا ڕوونم کردۆتەوە چی ڕوویداوە و خانا چی دەڵێت، ئەوە دەبێتـە هۆی ئەوەی کە لێکۆڵەر بتوانێ سوود و کـەڵکی بـاش لـە ژیـانی ئـەو دەمـە وەربگرێت و زانیـاری ڕاسـت و دروسـت بەدەست بهێنێت...

جگە لـەوەش تـەنها یـەك چـوارینەی مەولـەوی بـڵاو کراوەتەوە، کە دەبێ ئەوەش بڵێم کە هەردوو چوارینەکە واتە: ئەوەی مەولـەوی و خـاڵۆی کۆماسـی لەلایـەن پیرەمێـردی شـاعیرەوە وەرگێڕاونەتـە سـەر شـێوەزاری سـلێمانی و بـەم شێوەیە:

ئەوەی کۆماسی:

ئەگـــەر بۆسۆ بێ بـــە مەلالـــەوە
بگاتـــە لای تۆ بـــە شەمـــــاڵەوە

ئـــــەوە بۆکڕووزی سوتووی جـــەرگمە
"مەعدووم" مەعلوومە وادەی مەرگمە

وەڵامی مەلەوی:

ئـــــارەزووی مەرگی خۆتت کـــردووە
گــــوایــــــە ڕسکاریت وا دەربردووە
وەك من سەرسەختی، وەك من ئەخوێنی
بۆسۆیشت لێ بێ، هێشتـا ئـــەمێنی

تەنها ئەم نامەیە ئاماژەی پێ کـراوە و هـاتووە، ئیـدی وەڵامی ئـەو نامـەکانی مەولـەوی نـە ئامـاژەی پـێ کـراوە نەهاتوویشە...

خاڵێکی دیی لە سەر ژیانەکەی کۆماسی ئەوەیە کە لە دیوانەکەدا بە حەوت خاڵی کورتی یـەك لاپـەڕە و تۆزێکـدا باس کراوە و هاتووە، ئەو حەوت خاڵە کورتکردنەوەی ژیان و بەسەرهات و دیوەخان و ئارەزوو و مل نەدان بۆ قاجارییەکان و پلەی سیاسی و دەسەڵات و... هتد.

دوای ئەمە ناوی پێنج سەرچاوە هاتووە وەکو مێـژوویی ئەدەبی ناوی لێ بـراوە، ئەوانـەش: مێـژووی وێـژەی کـوردی سەفی زادە، مێژووی ناودارانی کوردی: بابا مەردۆخی ڕۆحانی (شێوا)، بەرگی یەکـەم، کتێبـی پـیر شـالیاری زەردەشـتی موحەممەد بەهائەدین، مێژووی ئـەدەبی کـوردی عەلائـەدین سـەجادی، بـەرگی دووی کەشـکۆڵی کەلـەپووری کـوردی محەممەد عەلی قەرەداغی... چەند دەستنووسێکیش....

ئەمەش هەموو ئەو سەرچاوە و ژیانەی ئەحمـەد بـەگی کۆماسییە کە مامۆستا حەکیم مـەلا سـاڵح ئامـاژەی پـێ کردووە، بەڵام مێژووی کەلەپووری کوردی موحەممـەد عـەلی قەرەداغی بەرگی پێنج و شەشی لەبیر کراوە و شـیعری ئـەو دوو شاعیرەی تێدایە، جگـە لـەوەش بووژاندنـەوەی مێـژووی زانایانی کورد، دڵنیام مامۆستا ناویـانی بیـستووە، ئەگـەر نەشی بووبێت، چونکە تەنها یەك بەرگیان لێ چاپ نەکراوە، بـەڵکو تـاکو ئێـستا نـۆ بـەرگی لـێ چـاپ کـراوە،

کەشکۆڵەکەشی شەش بەرگی چاپ بووە و بەرگی حەوتی لە ژێر چاپدایە و شیعری ئەوانیشی تێدایە...

لە بابەت گلکۆی تازە لەیلەوە کە ئاماژەی پێ کردووە و ٥٥ دێری لێ بڵاوکردۆتەوە، چەندین جار چاپ کراوە و قسە و باسیشی زۆر لە سەر کراوە، بەڵام زۆر بەکورتی ئەم شیعرەی داوەتە پاڵ کۆماسی و نەیوتووە بەچی سەرچاوەیەك و بەچی بەڵگەیەك، وەکو لەنێو قسەکانی دا لە کۆتایی پارچە هۆنراوەکەوە هاتووە و بە پەراوێزی ژمارە ٢ لە لاپەڕە ٢١٠ دا دەڵێت: ئەم شیعرە چەند جارێ بڵاوکراوەتەوە، ئەو بڵاوکراوانە لەگەڵ نووسخەکەی لای مندا جیاوازییان هەبوو، نووسخەکەش هەندێکی باش نەخوێنرایەوە، ئەو شوێنانەم لەبەر ئەو بڵاوکراوانە ساغ کردەوە.. لە هەندێ سەرچاوەدا ئەم شیعرە دراوەتە پاڵ (حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە)، بەڵام وانییە، هەر چەندە حەمە ئاغاش شیعری (گڵکۆی تازە یار)ی هەیە، واش ئەزانم پێشوازییەکە لەم شیعرەی خاڵۆی

کۆماسی و لەناو نووسخە خەتییەکاندا زۆر بەیت و میسراعیان پێکەوە قاتی و پاتی بووە و پێویستە شیعرەکەی حەمە ئاغاش ساغ بکرێتەوە. باشترین نووسخەیەك کە زۆرترین بەیتی ئەم شیعرەی بڵاوکردبێتتەوە، نووسخەکەی لای مامۆستا ئەهوەنە....

لە بابەت ئەم شیعرەوە من لە دیوانی حەمە ئاغای دەربەند فەقەرەدا وتوومە: ئەم شیعرەی حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە، زۆر لە نووسەران و ئەدیبان لێکۆڵینەوەیان لە سەر ئەنجام داوە، تا بگەن بەو ڕاستییەی کە بزانن گڵکۆی تازە یار شیعری حەمە ئاغایە یان گڵکۆی تازە لەیل، زۆربەی نووسەران لەو ماوەیەدا بەو هەڵەیەدا چوون و گڵکۆی تازە لەیلیان داوەتە پاڵ حەمە ئاغا و هەندێکی تریش پێچەوانەی قسەکەن و داویانەتە پاڵ ئەحمەد بەگی کۆماسی، تا دواتر لە ژمارە ٤٥ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێی ١-١١-١٩٧٥ دا، مامۆستا عوسمان هەورامی (گڵکۆی تازە

لەیل)ی ئەحمەد بەگی کۆماسی بلاو دەکاتـەوە، هـەر چـەند حەمە ئاغا لە ڕووی ژیانەوە لە ئەحمەد بەگی کۆماسـی لـە پێشترە، بەڵام گومان بۆ ئەوە ناچێ گلکۆی تـازە لـەیل هـی حەمە ئاغا بێت، چونکە ناوەڕۆکی شـیعری حەمـە ئاغـا و شێوەزار و وشەکانی زۆر جیـاوازن لـە شـێوەزار و نـاوەڕۆکی شیعری ئەحمەد بەگی کۆماسـی، ئەگـەر پرسـیاری ئـەوەش بکرێ بۆچی ئەو شیعرەی حەمە ئاغا تاکو ئەو ماوەیەی کـە شیعرەکە باسی زۆری لە سەر نەکراوە؟ ئەوا دەڵێم: ئایا باری ڕامیاری میللەتی کورد و شەڕ و ئاژاوە هێشتوویەتی کـورد چاوێکی هێمانە و خۆشی هەڵبێنێ، یان باری ڕۆژنامەگـەری چاکی بۆ لواوە، لە هەمووی باشتر ئەو هەموو نووسـراوانەی لە سەرەتای حەفتاکانەوە تاکو کۆتایی هەشـتاکان دەخرانـە ڕوو وەکو جاری جاران بوو، کەواتە وەڵامـی هـەموو ئەمانـە دەڵێین: نەخێر وانەبووە.

هەر چەندە ئەحمەد بەگی کۆماسی هاوچەرخی مەولەوی بووە و شیعریان ئاڵوگۆڕ کردووە و مەولەوی بەخاڵۆ ناوی هێناوە. مامۆستا عوسمان لە ناوەڕاستی قسەکانی دا ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێ نووسەر شیعری (گڵکۆی تازە لەیل) دەدەنە پاڵ حەمە ئاغا، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە.

مامۆستا عوسمان لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ:

"بە (گڵکۆی تازە لەیل)دا، دەرئەکەوێ تا چ ئەندازێك پەشێو و داماو و سەخڵەتە...

شاعیری ناسراویش (حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە) سوگوارێکی هەیە بەناوی (گڵکۆی تازەی یار)، هەر لەبەر ئەمەیە هەندێ وایان زانیوە کە هۆنراوەکەی (ئەحمەد بەگی کۆماسی) هی (حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە)یە".

لێرەدا بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ نووسەرانی پێشوو بەهەڵەدا چوون، دیارە هەر ئەو پارچەیان بینیوە و ئەوەی حەمە ئاغایان نەدیوە، بۆیە بەو هەڵەدا ڕۆشتوون.

لە ساڵی ١٩٧٤ دا مامۆستا (أ. ب. هەوری) کتێبێک بەناوی "شیعری کۆن و نوێ" بەچاپ دەگەیەنێ، لە لاپەڕە ٧٤ و لە پەراوێزی ژمارە (١) دا بەم شێوەیە باسی شیوەنی حەمە ئاغا بۆ خێزانەکەی دەکات، یان باشترە بڵێین: باسی گڵکۆی تازە یار ئەکات و دەڵێت:

"ئەم سوکوارە (سووکوار)ییە، شیوەنی حەمە ئاغا لە کەشکۆڵی دەستنووسی مەلا ئەولای گەلاڵی وەرگیراوە و لە پەڕاوی شالیاری زەردەشتی کە باسی شاعیرەکانی هەورامان ئەکات، کە لە ئەیلوولی ١٩٦٨ دا دەرچوو، هەردوو شیوەنەکەی لە یەکتری جیا کراونەتەوە".

لێرەدا بۆمان ڕوون بووەوە کە قسەکەی مامۆستا عوسمان هەورامی ڕاستە و یەك دەگرنەوە لەگەڵ ئەم قسەی

أ. ب. هەوری و مامۆستا ئومێد ئاشنا و س. ع. شادمان، کە گڵکۆی تازە لەیلی داوەتە پاڵ ئەحمەد بەگی کۆماسی و گڵکۆی تازە یاریش بەهی حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە زانیوە.

س. ع. شادمان لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا لەگەڵ (میرزام تەوارێ) دا (گڵکۆی تازە یار)ی بڵاوکردۆتەوە و بە شیعری تالعی داوە لە قەڵەم، ئەم زانیارییەش ڕاسترە لەوانەی کە دەڵێن: گڵکۆی تازە لەیل شیعری حەمە ئاغایە، دیسانەوە لەگەڵ ئەم پارچە شیعرەدا جیاوازی هەیە....

بە ئامادەکار دەڵێم: حەمە ئاغا کوڕی میر سمایلی زەنگەنەیە و لە ساڵانی (١٦٤٠)ەکاندا ژیاوە، شیعری ئەم شاعیرە کە تەنیا چەند پارچەیەکی کەمی ماوە و لەلایەن بەندەوە چاپ کراوە، هەر چەندە شیعرەکەیان تێکەڵاو بووە، بەڵام ناوی ئەو سەرچاوە چاپکراوانەی بەردەستی مامۆستا نازانین چییە و چی نییە، کێ بڵاوی کردۆتەوە، لە کوێ چاپ

بووە، چی کتێب و گۆڤـار و ڕۆژنامەیەکـە، لـەبارەی ژیـانی شاعیرەوە ئەوا دەڵێم: تالعی لەپێش ژیانی "کۆماسی" بووە، لە قسەکانی کاك حەکیمیشدا وا دەردەکەوێت کە زانیاری لە سەر ژیانی حەمە ئاغا کەمـە و نازانێـت کامیـان لـەپێش کامیانەوەیە، بەگومانێکەوە وا دەردەکەوێت کە حەمە ئاغـا لـە دوای کۆماسـییەوە بێـت و سـوودی لـە سـووکراوەکەی کۆماسی وەرگرتووە...

نـاوی هەنـدێ لـەو سەرچـاوانە دەخەمـە بەردەسـتی مامۆستایان کە لە کتێبـی حەمـە ئاغاشـدا بابەتەکـەیان چاپ کراوە:

١- گڵکـۆی تـازەی لـەیل و لێکۆڵینەوەیـەکی مێـژوویی: مەحموود زامـدار، گۆڤـاری بـەیان- ژمـارە (١٠١ و ١٠٢) کـانوونی یەکـەمی سـاڵی ١٩٨٤- ژمـارەی تایبـەت بـە لێکۆڵینەوە.

٢- گڵکۆی تازەی لـەیل: مـستەفا نـەریمان، گۆڤـاری ڕۆژی کوردستان- ژمـارە (٤٥ و ٤٦)، ئـازار و نیـسانی ١٩٧٧- لاپەڕ (٤٩-٥٢).

٣- دەربەند فەقـەرەیی لەگـەڵ تیرەکـانی دەوروبـەریان بـە ئاشتی ژیاون، ئەنتەرنێت.

چـەندین بابـەتی تـرم لەلایـە و ئەمانـە بەسـن بـۆ لێکۆڵینەوە و دەبوایە سوودی لـەو سەرچـاوانە وەرگیرایـە و ئاماژەی پێ بکرایە، هیچ نەبایـە تۆزێـك زیـاتر باسـی لـە گڵکۆی تازە لەیل بکرایـە، چـونکە خـاڵۆی کۆماسـی ئـەو شیعرەی باس و خواسـێکی زۆر لـە سـەر بـووە لـە سـاڵانی حەفتاکاندا...

جگە لـەوەش لـە چـەندین دەستنووسـدا ئـەم شـیعرە هـاتووە، پێویـستە نووسـخەیەکی زۆری ئـەم شـیعرە کـۆ بکرێتەوە و کەڵکیان لێ وەربگرین و بـەراورد بکـرێن، لـەم نووسخەی موحەممەد سادقدا کە نووسخەیەکی کۆنە و بەپێی

ئەو مێژووانەی لە کەشکۆڵەکەدا هاتووە، وا دەچێت لـەنێو کۆتایی ژیانی خاڵۆی کۆماسـی دا نووسـرابێتەوە، ئەمـەش دەبێتە نووسخەیەکی دەگمەن، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیـە کەشکۆڵە لەو ناوچەیەدا نووسراوەتەوە، مەبستم لە ناوچـەی سنە و دەورووبەرییەتی... لەم بەشەدا سوودم لەو کەشـکۆڵە وەرگرتووە، لە هەر دەرفەتێکدا بـۆ چـاپی دووەمـی دیـوانی خاڵۆی کۆماسی ئامادەم کۆپی ئەو شیعرانە پێـشکەش بـەو کەسانە بکەم کە دەیانەوێ بەو کـارە هەسـتن، ئەگـەر خـوا تەمەن بدات، ئاگادارم ئـەم نووسـەرە چـەند کەشـکۆڵێکی هەیە، تاکو ئێستا دوو نووسخەی کەشـکۆڵیم دۆزیوەتـەوە و هەوڵ دەدەم نووسخەی تری بدۆزمـەوە و هـەموویان پێکـەوە چاپ بکەم، هەر لەم کەشـکۆڵەدا چـەندین پارچـە شـیعری مـەلا موسـتەفای بێـسارانی هەیـە، ئـەو هۆنراوانـە دوای لێکۆڵینەوە بۆم دەرکەوتوون کـە بـڵاو نەکراونەتـەوە، جگـە لەوانـەش هەنـدێ هـۆنراوەی تـری تێدایـە و لـە دیوانـە

چاپکراوەکەی بێسارانی مامۆستا حەکیم دا هەیە، بەڵام جیاوازییان هەیە، بەیارمەتی خوا دوابەدوای ئەم کارە، ئەوانەش دەخەمە ڕوو و لێکۆڵینەوەش لە سەر ئەو باسە دەکەم.

هەروەها دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەم کە موحەممەد عەلی سوڵتانی دیوانەکەی چاپ کردووە و، بریتییە ٧٥ لاپەڕە و ١٢ لاپەڕەی شیعرەکانی مەلەوییە و تەنیا ١٩ شیعری جیاوازی تێدایە، کە ئەوەیشم لە لایەن کاك فاتیحی ڕەحیمی لە مەریوان بەدەستم گەیشت، هەندێ هەرمامی ڕێنووسی لە سەر کرابوو، بەڵام ئەوەش جێگەی پرسیار و باس بوون، چونکە یەك دوو پارچەی لە دیوانی مەولەوی دا هەبوون و پارچەیەکیشیان دوو هۆنراوە بوو- تێکەڵاو کرابوون، مەبەست لەو هۆنراوەیەی کۆماسییە کە سوودی لە خانا وەرگرتووە و لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێ کراوە.

نازانم ئەو ١٩ شیعرە چین و کامەیە، ناوی هیچ کام لەو شیعرانە نەوتراوە، ئەو ١٢ لاپـەڕەش دیـاری نـەکراوە، ئـەی بۆچــی لــەم دیوانــەدا جێگــەی نەبووەتــەوە، تــەنها بەسەرپێیەکەوە باسی کراوە، وەکو ئاگاداریشن لـە کارەکـە، بۆچی و لەبەرچی ئـەو شـیعرانە نەخزێنرانـە ئـەم دیوانـە، هۆکار چی بووە؟! مەبەست چی بووە؟ ئەگەر خاوەنی کارەکە ڕازی نـەبووە، ئـەوا ئێـوە وەکـو بنەماڵـە کارتـان کـردووە، بنەماڵەش دەسەڵاتی هەموو کارێکی هەیە، تەنانـەت بـۆی هەیە نەهێڵێت کەسێکی دیی دیوانی کۆماسی چاپ بکات، ئەگەرچی کەلتوور و کەلـەپووری کـۆن ڕێگـە پێـدراوە بـۆ هەموو کەسێك کاری لە سەر بکات لـە کاتێکـدا ڕێگەکـە ڕێگەیـەکی یاسـایی و بـە ئـەزموون و زانـستی و جێگـەی دڵخۆشی بێت...

وەکو وتم: نازانم ئەو شیعرانە کامانـەن و ئامـاژەی پـێ نەکراوە و هەمووی بەنهێنی و لە ژێر پەردەدەوەیە...

لە کۆتایی دیوانەکەشدا هۆنراوەیەك هەیە لە کەشکۆڵی کەلەپووری کوردی موحەممەد عەلی قەرەداغی وەری گرتووە، لە لاپەڕە ١٢٩ بۆ ١٣١، هەر بۆ ئەم مەبەستەش پێداچوونەوەم بۆ هەموو کەشکۆڵەکان کرد، بەڕاستی جێگەی سەرسووڕمان بوو!

لەوانەیە بڵێن بۆچی؟

چونکە هیچ بەڵگەیەك نەدراوەتە دەستەوە بۆ سەلماندی شیعرەکە و ناوی دەستنووسەکە نەهاتووە، ناشزانین ئەو سەرچاوانەی بەردەستی ئەو کام سەرچاوەیە، ئەو شیعرەی تێدا تۆمار کراوە...

سەرەتا ڕۆشتمەوە بۆ سەر دیوانەکەی خالۆ کۆماسی و تەماشای لاپەڕەی (١٢٩-١٣١)م کرد، بەڵام هیچ پەیوەندی بەم شیعرەوە نییە، بەڵکو هۆنراوەی سەییدی سەروەر... نووسراوە.

هەر شەش بەرگەکەی "کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی محەممەد عەلی قەرەداغی"م لە بەردەستدایە، سەرەتا لە بەرگی یەکەوە دەست پێ دەکەم و ناوی هەر یەك لەو شیعرانە دەنووسم کە هاتوون و هی چ شاعیرێکە، زانراوە یان نەزانراوە..*

١- **بەرگی یەکەم، لاپەڕە ١٢٩:** شیعرێکی عەلی عاشقە و بە ژمارە یەك لە قەڵەم دراوە، هەروەها لاپەڕە (١٣١)یش بریتییە لە شیعرێکی تری عەلی عاشق و بە ژمارە دوو لە قەڵەم دراوە.

٢- **بەرگی دووەم: لاپەڕە ١٢٩:** بریتییە لە بەشی شیعرەکانی میرزا شەفیع و هۆنراوەی ژمارە (٣)یە، پەراوێز و جیاوازی نێوان دوو دەق خراوەتە ڕوو، بەڵام لە لاپەڕە ١٣١ دا هۆنراوەی ژمارە ٤ی "میرزا شەفیع"ە.

* تێبینی: هەر شەش بەرگەکە چاپی یەکەمم لەلایە و سوودم لەوانە وەرگرتووە.

**٣- بـەرگی سـێیەم: لاپـەڕە ١٢٩:** لـە لاپـەڕە ١٢٨ی ئـەم بەرگەدا هۆنراوەیەکی فکری تۆمار کراوە و درێژ دەبێتەوە بۆ لاپەڕە ١٣٠ و لـە لاپـەڕە ١٣١دا پـەراوێزێکی درێـژکراوەی لاپەڕە ١٣٠ی شیعری ناوبراوە.

**٤- بەرگی چوارەم: لاپەڕە ١٢٩:** لـەم بەرگەشـدا دیـسانەوە هیچ شتێکی لەو بارەوە پێش چـاو ناکـەوێت، چـونکە لـەم بەرگە و لە لاپەڕە ١٢٩ دا سـێ هـۆنراوەی جیـاوازی خـاوەن نەزانراو تۆمار کراوە، هۆنراوەیـەکیان بریتییـە لـە شـیعری ژمـارە (١)، ئـەم هۆنراوەیـە لـە لاپـەڕە (١٢٦)ەوە درێـژ دەبێتەوە بۆ لاپەڕە (١٢٩)، ئەم هۆنراوەش من چـەند دەقـی باوەڕ پێکراوم لەبەر دەستدایە و لە دیوانی شیعری خـۆی دا بڵاوی دەکەمەوە و سـاغم کردۆتـەوە شـیعری چ شـاعیرێکە، هۆنراوەی ژمارە (٢)، بریتییە لە هۆنراوەی (ئـاخ نـێش بـێ هۆش فیراق نۆشای وێـم) و نـازانرێ شـیعری چ شـاعیرێکە، هەروەها هـۆنراوەی ژمـارە (٣)ش، بـەم شـێوە دەست پـێ

دەکات: (یارەب عەتا کەی...)، لە کۆتایی پارچە هۆنراوەکەدا ناوی "ئەحمەد"ێك هاتووە، بەڵام کام ئەحمەد، لە ئەدەبی کوردی گۆرانی دا چەندین ئەحمەد ناومان هەیە.

وەکو لە کتێبی مێژووی ناودارانی کوردی بابا مەردۆخ دا هاتووە ٦٩ شاعیر و زانا زیاترمان هەیە، بۆیە ئەو سەرچاوەشم خستەڕوو، لەبەر ئەوەیە کە مامۆستا حەکیم خۆی سوودی لێ وەرگرتووە و نووسخەیەکی لە بەردەستدا بووە، هەروەها لە کتێبی شاعیرانی کورد پارسی گۆیی، ناوی ١١ شاعیری کورد هاتووە کە شیعریان بە فارسی هەیە، دەبێ نووسەر و لێکۆڵەر بەزوویی بڕیار نەدات و ئاگاداری ئەوە بێت کە تووشی هەڵەیەکی زەق نەبێت، چونکە ئەدەبی کوردی سۆرانی و گۆرانی زۆر دەوڵەمەندە، بەتایبەتی لە بابەتی هۆنراوەدا...

ئەگەر ئەم هۆنراوەیە هی ئەحمەد بەگی کۆماسییە! بە چی بەڵگەیەك، ئەو نووسخانەی بەردەستی ئامادەکار

سوودی لێ وەرگرتووە و ساغی کردووەتەوە شیعری کۆماسییە، نەگوتراوە بەپێی ئەو سەرچاوە و دەستنووسە، تەنها ناوی کەشکۆڵە چاپکراوەکەی مامۆستا قەرەداغی هێناوە، لەوەشدا خوێنەر دەخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە، ئاخۆ کام بەرگەیان؟! هەر چەندە مامۆستا قەرەداغی خۆیشی نازانێت شیعری کام ئەحمەد و ناوی دوو ئەحمەدی هێناوە...

٥- **بەرگی پێنجەم: لاپەڕە ١٢٩:** لەم بەرگەدا ڕاستەوخۆ لە سەری نووسراوە "ئەحمەدی کۆر" و شیعری ژمارە (١)ە، ئەم هۆنراوەیە درێژ دەبێتەوە بۆ لاپەڕە ١٣١، لە لاپەڕە ١٣١دا هۆنراوەی ژمارە ٢ دێت و درێژ دەبێتەوە بۆ لاپەڕە ١٣٣...

٦- **بەرگی شەشەم: لاپەڕە ١٢٩:** ئەم بەرگەش نێو باسێکی داستانی شێخی سەنعانە و سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ لاپەڕە ١٢٤ و کۆتایەکەشی درێژ دەبێتەوە بۆ لاپەڕە ١٣٢.

ئەوەی جێگەی باسە تەنها بەرگی چوارەم بەر ئەو وتەیەی مامۆس حەکیم دەکەوێت، ئەویش جێگەی گومانە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستیانە و بەڵگەدار هەیە، بەڵگەکەش ئەوەندە بەهێز بێت، هیچ گومان و تێڕامانێکی تێدا نەمێنێت، ئەو گومانەش چۆن بڕەوێتەوە، نووسخەکە کۆن بێت و خەتی تازە نەبێت، یان لە سەری نووسرابێت: ئەحمەد بەگی کۆماسی، یان ڕاستەوخۆ ناوی کۆماسی هاتبێت یان لە دووتوێی دەستخەتی خوودی شاعیر، یان لەنێو کۆمەڵێك هۆنراوەی شاعیری ناوبراو و خەتی کۆن بێت و دەستنووسەکەش جێگەی بڕوا بێت، هەڵەی زۆر کەمی تێدا بێت...

هەروەها هۆنراوەی ژمارە (٤)ی پیتی (ی)ی دیوانی کۆماسی شیعرێکە بەناوی:

**یاران خەمبارم، یاران خەمبارم**

**هەر من هیجران بار، هەر من خەمبارم**

هـــــەر من پـــەشێوناك، دڵ ئینتیزارم

هــــەر من مەینەت کێش، ڕۆی ڕۆژگارم

کۆتایی هۆنراوەکە:

دڵ جە داخ و دەرد، مەینەت سەد پارەم

جــــە کۆی شـــادی و زەوق، دنیا ئاوارەم

ئەوەند هیجرانــــــــان جەم بییەن نە دڵ

داخی دڵ وەختـــەن ببـــــــــەرۆم وە گڵ

لە کۆتاییـــشدا ئـــەم هـــۆنراوەدا پـــەراوێزکی گومانـــاوی دانراوە و نووسراوە: ئەم شیعرە هەر چەند لە دوای شیعرێکی خاڵۆی کۆماسییەوە لە سەری نووسراوە (ولە)، واتە هەر هی ئەوە، بەڵام هەندێ گومانم هەیە کە شیعری ئەو بێت.

بەڵام وەکو دەبینین ئەم هۆنراوە جگە لەوەی دەســـتکاری شێوەزارەکەی پێوە دیارە، لە هەمان کاتیشدا هەر بەشـیعری ئـــەوەی نـــازانم و دەڵـــێم: هـــۆنراوەی وەلـــی دێوانەیـــە، بـــە گومانێکـــەوە دەڵـــێم لەوانەیـــە پیرەمێـــرد ئـــەم هـــۆنراوەی

وەرگێڕابێت، چونکە پیرەمێرد هۆنراوەکانی مەولەوی و میرزا شەفیع و بێسارانی و وەلی دێوانەی زۆر وەرگێڕاوە، جگە لەوەش لەنێو دیوانەکەی وەلی دێوانەدا، لە بەشی وەرگێڕانەکەی ڕازی دا ئەم هۆنراوەیە هەیە، بەڵام ڕام زیاتر لە سەر ئەوەیە کە ئەم شیعرە ڕازی وەری گێڕابێت و کەسێکی تر هەندێك دەستکاری کردبێت و لە کەشکۆڵەکەی دا نووسیبێتیەوە، کاك حەکیمیش ناوی سەرچاوەکەی نەهێناوە و نازانین لەچی سەرچاوەیەکدا لە سەری نووسراوە (ولە)، ئەم شیعرە بەهی وەلی دێوانە دەزانم و بەڵگەشم بۆ قسەکانم ئەمەیە:

دیوانی وەلی دێوانە: و- ڕازی، لاپەڕە- ١٥:

**یاران خەمبارم، یاران خەمبارم**
**هەر من سەرشێواو، هەر من خەمبارم**
**هەر من چاوەڕوان، نییە قەرارم**
**هەر من ناساز و چەوتە ڕۆژگارم**

بەڵام لەلای دیوانی کۆماسی دا بەم شێوە هاتووە:

**یـــاران خەمبارم، یــــــاران خەمبارم**
**هەر من هیجران بار، هەر من خەمبارم**
**هـــــەر من پەشێونــاك، دڵ ئینتیزارم**
**هــەر من مەینەت کێش، ڕۆی ڕۆژگارم**

جگە لەمەش چەندین بەیتی تریـان وەکـو یەکـە، لـە دیوانی وەلی دێوانەدا ٢١ دێرە و لە دیوانی کۆماسی دا ١٨ دێرە، هەروەها لە دیوانی وەلـی دێوانــەی ڕازی دا کـە وەری گێڕاوە، پارچە هۆنراوەیەکی دیی هەیە کـە هــەمان مانــا و مەبەستن، بۆیە چەند دێرێکی تریش لەوە وەردەگرم، بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی وتەکانم و سەلماندنی بۆچونەکەم:

دیوانی وەلی دێوانە: و- ڕازی- لاپەڕە ٦٠:

**هەر من خەمبــارم، هەر من خەمبارم**
**هەر من خەمگینم، هەر من خەمبارم**

بەڵام لە دیوانی کۆماسی دا بەم شێوە هاتووە:

**یـــــاران خەمبارم، یـــــــاران خەمبارم**

**هەر من هیجران بار، هەر من خەمبارم**

دیوانی وەلی دێوانە: و- ڕازی- لاپەڕە ٦١:

**هەر من پەرێشان، ئێش و ئازارم**

**هـــەر من گیرۆدەی دەس ڕۆژگارم**

بەڵام لە دیوانی کۆماسی دا بەم شێوە هاتووە:

**هـــــــەر من پەشێوناك، دڵ ئینتیزارم**

**هەر من مەینەت کێش، ڕۆی ڕۆژگارم**

ئەمەش چەند نموونەیەك لە هەردوو هۆنراوەکـە، بۆیـە بێ دوو دڵی دەڵێم: ئـەم هۆنراوەیـەی بـەناوی کۆماسـییەوە تۆمـار کـراوە، هەڵەیـە و هـی وەلی دێوانەیـە، دەسـتکاری شێوەزارەکەی کراوە، واتە: وەلی دێوانە بەشـێوەزاری گـۆرانی وتوویەتی و ڕازی وەری گێڕاوەتە سـەر شـێوەزاری سـۆرانی و

دواتر لە لایەن کەسێکی دییەوە دووبارە وەرگێڕاوەتە سەر شێوەزاری گۆرانی و دەستکاری کردووە و زیاد و کەمی کردووە، بەپێی ئارەزووی خۆی یاری بە وشە و بەیتەکان کردووە، وەکو ئەوەی خۆی ئەم شیعرەی نووسیبێتەوە، دواتر داویەتییە پاڵ ئەحمەد بەگی کۆماسی....

لەم چەندانەدا بەهۆی دڵسۆزی مامۆستا قەرەداغییەوە کەشکۆڵی ئەحمەدی شاقەلام دەستکەوت، ئەو کەشکۆڵە مامۆستا قەرەداغی لە بەرگی هەشتەمی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە ئاژماژەی پێ کراوە لە لاپەڕە ٣١٢دا، دوای ئەوەی مامۆستا ڕەزامەندی فەرموو لە سەر کۆپی کردنی، کەوتمە پشکین و ئاخنینی کەشکۆڵە، وەکو دەردەکەوێت کە شکۆڵەکە زۆر بەنرخە و پێویستە سوپاسی مامۆستا قەرەداغی بکەم، چونکە لە چەند ڕووەوە سوودی لێ وەردەگرم، یەکێك لەو سوودانە کە لێرەدا دەیڵێم ئەوەیە چەند پارچە هۆنراوەیەکی خاڵۆی کۆماسی تێدایە،

یەك دوو لەو هۆنراوانە بڵاونەكراوەتەوە، ئەوانەی دیش كە بڵاوكراوەتەوە، دوای بەراوردكردن لەگەڵ دیوانە چاپكراوەكەدا، بۆم دەركەوت كە مامۆستا حەكیمی مەلا ساڵح لەبەر چەند دەستنووس شیعرێكی كۆماسی چاك كردووە، بەڵام لێرەدا هەموو هۆنراوەكە وەكو ئەو شیعرەیە كە كاك حەكیم چاكی كردووە..

خاڵكی دی كە دەبێ ئاماژەی پێ بكەم، ئەوەیە كە هۆنراوەیەك لەنێوان كۆماسی و مەولەوی دا جێگەی گومانە، گومانەكەش زیاد لە پێویست كاك حەكیم دروستی كردووە، بەڵگەشم بۆ قسەكانم ئەوەیە لە دیوانی مەولەوی[2] دا هاتووە، هۆنراوەی (پەژارەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن) كە

---

[2] دیوانی مەولەوی: لە سەر بناغەی تێكۆشانی مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس، پێداچوونەوە و ڕێك و پێككردن و زیادكردنی شیعرە چاپ نەكراوەكان، حەسەن گۆران و موحەممەد حیجازی، دەزگای ڕۆشنبیری گۆران، چاپی یەكەم- ٢٧٠٤ی كوردی، سنە، لاپەڕە- ١٤٥- ١٤٧.

هۆنراوەیەکە بە ژمارە (٤) لە پیتی (ت)دا تۆمـار کـراوە و لە سـەر ژمـارە (٤) پـەراوێزی ژمـارە (١) تۆمـار کـراوە، ئامادەکاری دیوانی مەولەوی دەڵێت: مەولەوی ئەم شـیعرەی بۆ خالۆی کۆماسی نووسـیوە و کـاك حـەکیم دەڵـێ بـەپێی نووسخەی باینچۆ ئەم شیعرەی مەولەوی لەم بەیتەوە دەسـت پێ دەکات:

خـــالۆ ویەردەن، خـــالۆ ویەردەن

هیجرانت یەکجار جە حەد ویەردەن

وەڵامی شیعرەکەی کۆماسی لە کتێبەکەی کاك حەکیم لاپەڕەی (٩٦)دا ئەمەیە:

چراغم جـــەی ڕۆ، چراغم جـــەی ڕۆ

من جە ڕۆی ئەزەڵ، مەتەرسام جەی ڕۆ

ئەگەر مەولەوی هۆنراوەی خالۆ ویەردەنی بۆ کۆماسـی نووسی بێت و مامۆستا حەکیم لە دیوانی مەولەوی خۆیـدا بڵاوی کردبێتەوە، ئیتر نازانم بۆچی هۆنراوەی (خالۆ ویەردەن)

لە دیوانی خالۆی کۆماسی دا هاتووە و بەناوی ئەحمەد بەگی کۆماسییەوە تۆمار کراوە، هیچ پەراوێز و ڕوونکردنەوە و فەرهەنگیش لە پیتی (خ)ی دیوانی کۆماسی دا نەهاتووە، ئەگەرچی لە پیتی (خ) دیوانەکەی کۆماسی دا تەنها هۆنراوەی خالۆ ویەردەن هاتووە، جگە لەوەش وەڵامی هۆنراوەی خالۆ ویەردەن، شیعری چراغم جەی ڕۆیە و هەمان شیعریش لە دیوانی کۆماسی دا تۆمار کراوە، بەڵام دەبێ ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە لە کەشکۆڵی ئەحمەدی شاقەڵادا هۆنراوەکانی: دڵە ها یاران..، چراخم شەوبۆی.. شەوێ جە شەوان..، خالۆ ویەردەن، چراخم جەی ڕۆ، کاکە یەند دووریت)، هەموو ئەم شیعرانە بەدوای یەکدا هاتوون و لە سەرەتای یەکەم هۆنراوەدا نووسراوە: ئەحمەد بەگ.. دوای ئەوە چەند هۆنراوەیەکی مەولەوی هاتوون و لە سەری نووسراوە: مەعدوومی، دوای ئەمە نووسراوە: ئەحمەد بەگ و هۆنراوەی چراخ وەفاتم، پەی چێش نەشۆ جێش، ئمەشۆم بەچەم...

هاتووە، دوابەداوی ئـەم هۆنراوانـە، شـیعرێکی وەلی دێوانـە هـاتووە، دوای ئەمـە دەسـت دەکاتـەوە بـە نووسـینی هۆنراوەکـانی مەلـەوی، گرنگییـەکی دی ئـەم کەشـکۆڵە لەوەدایە کە چـەند پارچـە هـۆنراوە و پەخـشانی مەولـەوی تێدایە، ئەو هۆنراوە و پەخشانانە هەندێکی بڵاونەکراوەیـە و هەندێکی تریان جیاوازی لەگەڵ دەقـەکانی دییـدا هەیـە و کەم زۆریش خاڵێکی دییە....

هـۆنراوەی خـاڵۆ ویـەردەن لـە کەشـکۆڵی ئەحمـەدی شاقەڵادا هەیە، بەڵام جیـاوازی لـەنێوان دەقەکـەی دیـوانی کۆماسی و دیوانی مەلەویشدا هەیە، بەڕاستی نازانم بۆچـی و لەبەرچی کاك حەکیم ئەو کارەی کـردووە، سەرسـووڕمانی لەوەدا بەدی دەکرێت کـاك حـەکیم دووجـار ئـەم هـۆنراوەی بڵاوکردۆتەوە هەم لە دیوانی کۆماسـی و هـەم لـە دیـوانی مەولەوی، مەبەسـت لـە شـیعرە بڵاونـەکراوەکانی دیـوانی مەلەوییە، واتە: دوو شـاعیر خـاوەنی یـەك هـۆنراوەن.. لـە

کۆتایی هۆنراوەکەی خالۆ ویەردەن لە دیـوانی مەولـەوی دا کە بە پەراوێزی ژمارە (٥) دانراوە، سەرەتا جیاوازی خستۆتە ڕوو، دوای ئەوە دەڵێت: پاشان کـاك حـەکیم ئـەڵێ: (مـیرزا یەعقووبی جاف شاعیرێکی بـاش نەناسـراوی ئـەو دەورەیـە، لەوە ئەچێ مەولەوی بەیتی لێ هێنابێ بـۆ تـێ هەڵکێـشی شیعرەکەی).

بەڕاستی و بێگومان دەڵێم: جێگەی سەرسووڕمانە کـە ئامادەکار لەو جۆرە وتانە بڵێت و بە میرزا یەعقووبی جاف[٣] بە شاعیرێکی نەناسراوی ئەو دەمـە بزانێـت... بـەپێی ئـەو قسانەی کاك حەکیم ئـەم هۆنراوەیـەی خـالۆ ویـەردەن هـی

---

[٣] لە هۆزی جافە و لە ناوەڕاستی چەرخی سیازدەهەمی هیجریی دا ژیاوە، یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی سەردەمی خۆی و هۆنراوەی لـە پـاش بـەجێماوە، بـەڵام هەمووی گرد و کۆ نەکراوە، لە لاپەڕە ١١٣ی بەرگی چوارەمی کەشکۆڵی کەلە پووری ئەدەبی کوردی محەمەد عـەلی قـەرەداغی دا هـۆنراوەی هـاتووە، هۆنراوەکـانی بەشێوەزاری گۆرانییە، لە کەشکۆڵی سۆزی نیشتمان و سەلـسەیی و... هـۆنراوەی هەیە.

مەولەوییە و هی کۆماسی نییە، ئیدی بۆچی هێناویتییە نێو دیوانی کۆماسییەوە، ئەگەر هۆنراوەی مەولەوییە و خالۆ کۆماسیش بە هۆنراوەی چراغم جەی ڕۆ وەڵامی داوەتەوە، دەبێ هەردوو هۆنراوەکە لە بەرامبەر یەکدا بنووسرێت یان دابنرێت و بخرێتە پێتی (چ) لە دیوانی کۆماسی دا و ئاماژەی پێ بکرێت... لێرەدا دەقی هۆنراوەکەی نێو کەشکۆڵی ئەحمەدی شاقەڵا بڵاو دەکەمەوە:

خالۆ ویەردەن، خالۆ ویەردەن
هیجرانت یەکجار جە حەد ویەردەن
وەسواسەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن
دووریت خەیمەی دڵ، ڕیشەکەن کەردەن
فیراقت فەرقم وەتۆ نیا کەرد
جیائیت ئەعتام جە ئەم جیا کەرد
پەژارەت بەو تەور نێشدان نە جەرگم
وە مەرگت قەسەم، ڕازیم وە مەرگم

**وێـت بـدەر ئینـساف، خاڵۆکـەی خـۆش خـۆ**
**مـــەردەن خاســـتەرەن، یـــاخۆ دووری تـــۆ؟**
**مـــەردەن یـــەك ســـاتەن، ئەرواکـــەی وێـــم**
**دووریت هەر ســاتێ ســەد مەرگـەن مـەر پـێم**
**مـەر جەسـتە خەسـتەی مـن جـە فـوولاد تـۆ**
**یەنـد دووریـت وینـۆ، هێمـای هـەر شـاد بـۆ**
**دەك ڕەحمـەت ئـەو قـەور گـشت سـینە سـافان**
**خـــسووسەن (یـــەعقووب) میرزاکـــەی جافـــان**
**چـەرخ چـەپ چـەنیم، ڕاس بەسـتەن کەڵـەك**
**چـــمان ســـەنگم دان وە مینـــای فەڵـــەك؟**
**دایـــم پـــەرێو مـــن بـــا جـــە پەنهانـــە**
**گـــاهێ (ئەسـفەهان)، گـــاهێ جـــە (بانـــە)**
**نمـــەدۆم فرســـەت، ســـاتێ وە بـــێ خـــەم**
**گـــەردی پالاکـــەت، بمـــالۆ نـــە چـــەم**

یا شەویٚ شین کەم، وە شەو نالٚینت
یا ڕۆی ڕۆ کەم، وە زاری و شینت
یا نالٚەم چەنی نالٚەت بخێزۆ
یا دیدەم ئەسری پەرێت بڕێزۆ
یا شەمەی جە شەرح دووری دووبارە
داخ هیجر وەسلٚ، دلٚەی سەد پارە
عیشوە و گریشمەی حۆری جەمین گولٚ
عەرز کەم وە پابۆس، پەی تەسکین دلٚ
چەپگەرد نمازۆم دەمیٚ فیراقت
سا خودایا وەسلٚ، یا مەرگ، یا تاقەت

لە دیوانی پیرەمێردا هاتووە و دەلٚێت: سۆزی پیرەمێرد... لە شوێنی خۆیدا ئاماژە بۆ شیعرەکانی کۆماسی و مەولەوی و پیرەمێرد دەکەین. هەروەها ئەم شیعرە (هەورامی)یەکەی لە دیوانی مەولەوی مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی

مودەڕیس)دا لە تیپی (پ)دا بەشیعری مەولەوی ناسراوە و چاپ کراوە. بەڕای من کە ئسلووبی شیعرەکە و دەستپێکردنی لە هی مەولەوی ناچێت و بە بەڵگەی دەستنووسەکەی مامۆستا نەجمەدین مەلا بەشیعری کۆماسی دەزانم. هەروەها مامۆستا (عوسمان هەورامی) لە بەیانی ژمارە ٩٥ی ساڵی ١٩٨٤ دا ڕوونی کردۆتەوە کە ئەوە شیعری (کۆماسی)یە و دەقی هەورامییەکەی لە بەر دیوانی مەولەوی نووسیوەتەوە و گۆڕینەکەی پیرەمێردی نووسیوە.[٤] لە کەشکۆڵە دەستنووسەکەی (کۆماسی)دا لە لاپەڕە ٩٦دا نەجمەدین مەلا بەم شێوەیە هەردوو وەرگێڕانەکەی نووسیوە کە دیارە گۆڕینەکە لە کاتی خۆیدا هەر پیرەمێرد خۆی بڵاوی کردۆتەوە...

---

[٤] دیوانی پیرەمێرد: ئومێد ئاشنا- بەرگی دووەم، چاپی دووەم- چاپی ئاراس- هەولێر- ٢٠٠٩، لاپەڕە ١٠٨- ١١١.

دوای ئـەوە ژیـانی کۆماسـی نووسـیوە و هۆنراوەکـەی حاجی قادری تۆمار کردووە، جگە لەوەش هۆنراوەی:

**پــــەژارەت شادیم جــــە بێخ ئاوەردەن**

**دووریت ڕیشەی دڵ، خەیمە کەن کەردەن**

هاتووە و دوای ئەوە گۆڕینی یەکەمی پیرەمێـرد تۆمـار کراوە کە دەڵێت:

**لــە حەد دەرچووە، لە حەد دەرچووە**

**دووری تۆ هێجگار لە حەد دەرچووە**

دوابەدای ئەوە وەرگێڕانی دووەم تۆمار کـراوە، کـە بـەم شێوە دەست پێ دەکات:

**هــــاوار تێپەڕی، هـــاوار تێپەڕی**

**دووری باڵاکەت، لە حەد تێپەڕی**

هەروەها لە کەشـکۆڵی مینـای شکـستەی مامۆسـتا نەجمـەدین مـەلادا، کـەم کـەس هەیـە نـاوی نەبیـستبێ و

نووسخەی زۆری لەبەر گیراوەتەوە، هەوڵی مامۆستای ناوبراو لە ئەدەبی کوردی دا باس ناکرێت و جێگای سووپاس و پێزانینە، نووسخەی ئەم کەشکۆڵانەم لە بنکەی ژن وەرگرتووە، لە مینای شکستەدا باسی ئەحمەد بەگی کۆماسی کراوە،[٥] مامۆستا نەجمەدین مەلا بەم شێوە باس لە ئەحمەد بەگی کۆماسی دەکات:

ئەحمەد بەگی کۆماسی: ئەم زاتە لە هۆزی کۆماسییە (کۆماسی) تیرەیەکن لە کوردستانی ئێراندا دائەنیشن، ئەحمەد بەگ شاعیرێکی بێ وێنە بووە، لە عەسری مەولەویدا بووە، (حاجی قادری کۆیی) لە هەڵبەستە بەناوبانگەکەیدا کە باسی شاعیرەکانی کوردستان ئەکا، ئەم فەردە ئەفەرموێ دەربارەی (ئەحمەد بەگی کۆماسی) و (موحەممەد ئاغای دەربەند فەقەرەیی):

---

[٥] کەشکۆڵی مینای شکستە، مامۆستا نەجمەدین مەلا، ساڵی ١٩٤٠، لاپەڕە ٢٠١.

دوو وەحیدن موحەممەد[٦] و ئەحمەد[٧]

یەکێ کۆماسییە، یـــەکێ دەربەند

ئەحمەد بـەگ کۆماسـی لەگـەڵ مەولـەوی زۆر شـەڕە شیعریان کردووە، ئەمەی ئاتی نموونەیەتی، مەولەوی ئەڵێ:

هیجرانـــت نـــە تـــەرح بـــادی وەیـــشوومە
یەکایـەك ئـەوراق فـەردی "مـەعـدوومی"
کـــەرد و فەرشـــی ڕای گوزەرگـــەی یـــاران
بەرد پـەی پـای هـەردان سـارا و کۆسـاران
بـاڵای ئـاڵای شـەنگ، سـەد بـاڵا دێـوەن
دووکانـــچەی شـــادی دەردینـــا شـــێوەن

---

[٦] موحەممەد: مەبەست لە حەمە ئاغای دەربەند فەقەرەیی شاعیرە و کـوڕی مـیر سمایلی زەنگەنەیە.

[٧] ئەحمەد: مەبەست لە ئەحمەد بەگی کۆماسییە.

گـــولْ مـــەدە وە دەم ئـــێش و نێـــشەوە

بـی وە قـەزای سـەخت دیـدەی وێـشەوە[٨]

ئەحمەد بەگی کۆماسی ئەڵێ:

ئـەو تـوولْ قامـەت قیامـەت خێـزەن

وەڵـگ شـاخ شـەوق دەردینـا ڕێـزەن

تـاف سـاف نـاز، زۆر ئـاوەردەن ئـێش

خەمەن، چوو قامەت خەمبارەکەی وێش

❊❊❊❊

ئـەو بـاڵا بـەرزە قیامـەت خێـزە

گـەڵای لقـی شـەوق بـەدەردان ڕێـزە

تـافی سـافی نـاز زۆری پـێ هێنـا

چـەوتاندییەوە وەك پـەڵکی مینـا

---

[٨] لە تەنیشت ئەم نیوە بەیتەوە نیشانەی ( = )ێك دانراوە و دواتر نووسراوە: بوو بەچاوی خۆیەوە.

وەکو ئاشکرایە ئەمەش نامەیەکی تریە لە نێوان ئەحمەد بەگی کۆماسی و مەلەوی دا، جگە لەوەش مامۆستا نەجمەدین مەلا هۆنراوەکەی خالۆی کۆماسی بەشێوەزاری گۆرانی نووسیوە و دواتر وەرگێڕانەکەی پیرەمێردی نووسیوە، وەکو لە تەنیشت هۆنراوەکەوەی مەولەوییەوە نووسراوە: بوو بەچاوی خۆیەوە، دیارە ئەحمەد بەگی کۆماسی قسەیەکی کردووە و هەور و چەماخە یەکی گرتووە و کارێك ڕووی داوە لە ئەحمەد بەگی کۆماسی، بۆیە مەولەوی وتوویەتی بووە بەچاوی خۆیەوە.

نابێ ئەوەشمان لە یادمان بچێت هۆنراوەی قیبلەم ڕێش نەبۆ لە دیوانی خالۆی کۆماسی دا بەناوی خالۆ کۆماسییەوە تۆمار کراوە، کەچی ئەم هۆنراوە پێشتر لەلایەن چەند کەسێکەوە لە دیوانی وەلی دێوانەدا تۆمار کراوە، هەروەها لە ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی شاشدا بەناوی وەلی دێوانەوە تۆمار کراوە، کاتێك تەماشای دیوانی خالۆی

کۆماسی دەکەین لە لاپەڕە ١٨١ دا هۆنراوەکە بەم شێوە تۆمار کراوە:

قیبلەم ڕێش نەبۆ، قیبلەم ڕێش نەبۆ
ئەر دڵ وە مەودای عەشقت ڕێش نەبۆ
ئەر تەن بەڵابار مەینەت کێش نەبۆ
ئەر دیدەم وە خار دووریت ئێش نەبۆ

لە کۆتایی هۆنراوەکەدا پەراوێزی ژمارە یەك و ئەستێرەی بۆ دانراوە و نووسراوە:

ئەم شیعرە لە سەر شێوەی شیعری (چراغ جەمینت) وتراوە.

بەڵام کاتێك تەماشای دیوانی وەلی دێوانە دەکەین لە چاپی انتشاراتی سنەدا بەم شێوە هاتووە:[٩]

---

[٩] دیوانی وەلی دێوانە: سدیق سەفی زادە، بەشی هەورامی، انتشاراتی سنە-چاپی سێیەم، ١٣٨٥، لاپەڕە ١٣٧.

**قیبلەم ڕێش نەبۆ، قیبلەم ڕێش نـەبۆ**

**ئەر دڵ وە مـەودای عـەشقت ڕێش نەبۆ**

**ئەر تەن بەڵابار مـەینەت کێش نـەبۆ**

**ئەگەر دیدەم خار دووریت تێش نـەبۆ**

ئەگــەر تەماشــای دیــوانی وەلــی دێوانــەی مامۆســتا عوسمان هەورامیش بکەین، ئـەوا ئـەم هـۆنراوە بـەم شـێوە دەبینین:

**قیبلەم ڕێش نــەبۆ، قیبلەم ڕێش نـەبۆ**

**ئــەر دڵ وە مەودای عەشقت ڕێش نەبۆ**

**ئەر تەن بــەڵابار مـەینەت کێش نـەبۆ**

**ئەگەر دیدەم خار دووریت تێش نەبۆ**[١٠]

هــەردوو هۆنراوەکــە جیاوازییــەکی وشــەیی ئــەوتۆیان نییە، هەردووکیانیش ١٠ بـەیتن، ئـیتر نـازانم چـۆن بەچـی

---

[١٠] دیوانی وەلی دێوانە: عوسمان هەورامی، چـاپخانەی کـۆڕی زانیـاری کـورد- بەغدا، ١٩٧٦، لاپەڕە، ٥٨.

هۆیەك هــۆنراوەی وەلــی دێوانــە پەڕیوەتــە دیــوانی خــاڵۆی کۆماسییەوە ئاماژە بە هیچ دەســتخەت و بــەیاز و کتێــب و نامیلکەیەك نەکراوە.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی شــای ئێرانــدا بــۆ ماوەی سێ تا چوار ساڵ دەرچووە، چــەندین هــۆنراوە بــەناوی ئەحمەد بەگی کۆماسی تۆمار کــراوە، بەباشــم زانــی و دوای ڕوولێنان لە مامۆستا ڕەفیق ساڵح و ســدیق ســاڵح، تــوانیم تەواوی ڕۆژنامەکە بە سکانکراوی وەرگرم، ئەڵبەتــە هــەموو ڕۆژنامەکە هەموو سپی کراوەتەوە و ئامادەی چــاپ کــراوە و پرۆژەکەش لە ساڵی تــازەدا بەهاوبەشــی لەگــەڵ ئــەکادیمای کورد دا بەچاپ دەگەیەنرێت.

ئەو هۆنراوانەی لەم ڕۆژنامەدا هاتووە، جێگەی بــاس و لێکۆڵینەوەیە، خۆشبەختانە توانیم زۆربەیان ڕێکوپێك بکەم و بەراوردێکی سەرپێیانە بۆ ئەم بەرگە ئامادە بکەم، هەندێ لەو هۆنراوانە لە دیوانەکەدا هاتوون و هەنــدێکی تریــشیان

چاپ نەبوون، ئەوانەی چاپ نەبوون خەریکی لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی تەواویم، ئەوانەشی کە چاپ بوون لێرەدا ئاماژەی پێ دەکەم، هەندێکی تریشیان جیاوازی وشەیی و زیاد و کەمی لەنێوان دەقەکاندا هەیە.

**هۆنراوەی چراخم جەی:** ئەم هۆنراوەیە بە سێ تا چوار جار بڵاوکراوەتەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دیوانەکەدا نییە و لە هەردوو بڵاوکراوەکەدا ١٥ بەیتە.

**هۆنراوەی ئازیز نەخاوم:** ئەم هۆنراوەش لە یەك ژمارەدا بڵاوکراوەتەوە و بە دوو جار، بەشێکی زۆری لە لاپەڕە (٣) دا و سێ بەیتی دوایی کەوتۆتە لاپەڕە (١٠)ی هەمان ژمارە، جیاوازی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکرێت، جگە لەوەش لە هەردوو بڵاوکراوەکەدا ١٠ بەیتە.

**وەهار ئاخێز کەرد:** ئەم هۆنراوەش لە یەك ژمارە ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی شادا بڵاوکراوەتەوە، ئەم هۆنراوە جگە لەوەی لە دیوانەکەدا (٣٥) بەیتە، بەڵام

لە ڕۆژنامەکەدا (٣٤) بەیتە و جیاوازی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکرێت.

**چراخ سیای تۆ:** ئەم هۆنراوە لە ڕۆژنامەکەدا بەناوی ئەحمەد بەگی کۆماسییەوە تۆمار کراوە، بەڵام لە دیوانی بێسارانی دا هاتووە، جگە لەوەش لە کەشکۆڵی عەبدولموئیمیندا بەناوی بێسارانییەوە هاتووە، ئەم هۆنراوەیە کە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ کەشکۆڵی عەبدولموئمین و دیوانی بێسارانی دا شتێکی ئەوتۆ جیاوازیان نییە، بەڵام دیارە مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی لە پەراوێزی ئەم شیعرەدا لە کەشکۆڵە چاپکراوەکەدا نووسیویەتی: لەمەڕ ئەم پارچە شیعرە بەناوی "ئەحمەد بەگی کۆماسی"یەوە، بڕوانە: پەراوێزی لاپەڕە ١٠٢، نوسخەی (ن).[11]

---

[11] کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی گۆرانی: شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخی- ساغکردنەوەی: ئەنوەری سوڵتانی، چاپی دووەم، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠١٠، لاپەڕە ٢٠٠.

هـــەر لـــەم بارەیـــەوە پێویـــستە بگەڕێینـــەوە بـــۆ سەرچاوەیەکی دیی، ئـەویش دیـوانی بێـسارانی کیومـەرس نیك ڕەفتارە، لە لاپەڕە (١٠٢)ی ئەم کتێبەدا هاتووە:

با وەکو ئەم پارچە هەڵبەستە جارێ لە ڕادیۆ لە سـاڵی (١٣٤٥هـ. ش- ١٩٦٦ز)وە- جـارێکی کـەیش لـە ڕادیـۆ کرماشـان لـە سـاڵی (١٣٤٦-١٩٦٧)، بـەناوی "ئەحمـەد بەگی کۆحی)یـەوە، بڵاوکراوەتـەوە، بـەڵام بـەهۆی ئـەم دوو بەڵگەی خوارەوە، لام وایە ئـەم هەڵبەسـتە، هـی مامۆسـتا بێسارانییە.

١- هێنەرەکە تەنها بۆ ئەمە غەزەلەکەی ناردبوو کـە نـاوی لە ڕادیۆ بڵاو بکرێتەوە، ئەگینا دوور لە شیعر و شیعرناسی و شیعر خۆشەویستییە.

**٢- لـه تـەواوی نووسـخە و بـەیازە موعتەبـەرەکانا ئـەم هەڵبەستەم بەناوی ملمۆستا "بێسارانی" چاو پێکەوتووە.[١٢]**

**ئەڵبەتە منیش دەڵێم هی بێسارانییە و هـی ئەحمـەد بەگی کۆماسی نییە.**

**قیبلەم باسشەن: ئەم هۆنراوەش جیاوازی ئەو تۆی نییە لەگەڵ چاپەکەدا هەمووی لە یەك ژمارەدا بڵاوکراوەتەوە.**

**کاکە یەند دووریت، دەروونم کاوان: ئەم هـۆنراوەش لـە لە یەك ژمارەدا بڵاوکراوەتەوە و جیاوازی ئەوتۆی نییە.**

**چراخ یانی چێش: ئەم هۆنراوەش لە هەمان ڕۆژنامـەدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە کەشـکۆڵی عەبدولمؤئمینـدا بـەناوی بێسارانییەوە هاتووە لەگەڵ دیوانی بێسارانی کاك حەکیمدا، ئەوەی جێگەی باسە ئەم هۆنراوە لە ڕۆژنامەکەدا بریتییە لە هۆنراوەیەکی دور و درێژ، بۆ ئەم مەبەستەش پێویـستی بـە**

---

[١٢] **دیوانی بێسارانی: کیومەرس نیك ڕەفتار، بەرگی یەکەم، چاپخانەی (الادیب البغدادیە)، ١٩٨٢- لاپەڕە ١٠٢.**

لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەی زیاترە، بۆیە بە یارمەتی خوای گەورە هەندێ لە شیعری ناو ڕۆژنامەکە بۆ بەرگی دووەم بەجێ دەهێڵم، چونکە پێویستی بەلێکۆڵینەوە و چەند سەرچاوەیەك هەیە، بەڵام لە ئێستادا بەردەست نییە و هۆنراوەکانیش تێکەڵ و پێکەڵن و چەندین کەشکۆڵم لە بەردەستدان، پێویستە بەراوردی نێوان کەشکۆڵەکان بکرێت و جیا بکرێنەوە، وا دەچێت هۆنراوەی ئەحمەد بەگی کۆماسی لەگەڵ میرزا شەفیع و ئەڵماس خانیش تێکەڵ بووبێت.

بەهەرحاڵ منیش بۆ خستنەڕووی شیعرەکانی خاڵۆی کۆماسی و بووژاندنەوەی ژیانی و شیعرەکانی ئەوەی لە دەستم دا بووە و بۆم کراوە، لەم نامیلکەیەدا خستوومەتە ڕوو، هیوادارم لە دیوانی خاڵۆدا و لە چاپی داهاتوودا ئەمانەش جێگەی خۆی بگرێت...

جگە لەم هۆنراوە بڵاونەکراوانەی خاڵۆی کۆماسی، ئەم هۆنراوانەشم لەلا بوو: (چراخم شەوبۆ، تا وە سەریار بۆ،

ئازیز نە خاوم، چراخم جەی ڕۆ، شیرین زووحاکەن، دیـدە بـێ خەوان، شـیرین نەڕاتـەن)، بـەهۆی ئـەوەی لـە دیوانەکـەدا هاتبوون، لەم بەشەی دیوانی خاڵۆدا نەم هێناوە، ئەگەرچـی هەندێ جیاوازی کەمیشیان لەنێواندا هەبوو....

چاوەڕوانی ئەوەیـشم هەرچـی ڕەخنــە و گازندەکانیــشم هەیە دڵی مامۆستا حەکیم و بنەماڵەی بریندار نـەکردبێت و ڕەخنەکانیــشم لــەو ڕوانگایــەوە وەربگــرن و لــە چــاپی داهاتوودا دیوانێکی پووخت و تـەواو و بەلێکۆڵینەوەیـەکی زانستییانەوە چاپی بکەن.

بەهیوای تەمەن درێژی بۆ هەموو لایەك و خۆشـی بـۆ کورد و کوردستان...

**کاروان عوسمان** (ڕێبین)


٢٠١١-١١-٩

# ئازیز نەزانام*

ئازیز نەزانام یە خدێو وێتەن
یە شەرت و یە شۆن، یە تان و پۆتەن
یە دۆسی، یە مەیل، یە دڵداریتەن
یە قەوڵ، یە ئیقرار وەفاداریتەن
یە (واللە، باللە) سەوگەند وەردەتەن
یە عەهد و پەیمان، خەلاف کەردەتەن
من پاسەم زانا، پەڕ شەرت و شۆنی
نەزانام بێ مەیل، بێ تان و پۆنی

---

* ئەم هۆنراوەم لە دیوانی ئەحمەد بەگی کۆماسی موحەممەد عەلی سوڵتانی وەرگرتووە، کە کاك (فاتیحی ڕەحیمی لە مەریوان) کاری لە سەر کردووە و مامۆستا حەمە ڕەشید نووسخەیەکی لەو کارە پێگەیاندم، منیش ئەوەی بۆم ڕاست بووبێتەوە کە شیعری کۆماسییە، لێرەدا هێناومە و ئەوەش جێگەی گومان بووبێت یان بۆم ڕاست بووەتەوە کە هی کۆماسی نییە، لێرەدا بڵاوم نەکردۆتەوە.

جه بولبول بێزار خار نەوازەنی [**]

یار چەنی ئەغیار بێ مەجازەنی

ئەگەر مەزانام ئینە وەفاتەن

ئینە سزای سەخت جەور و جەفاتەن

ئینە شەرت و عەهد ، بەین و بەقاتەن

ئینە خۆو ئەتوار ئاما و لواتەن

هەر بەو بێ شەرتەی دەی کەردت قەسەم [1]

..................................................................

---

[**] ئەم دێرە زۆر لە شیعری ( بولبول ) شێخ حەسەنی سازانییەوە نزیکە، کە ئەویش هەر هاودەم و هاویاری مەولەوی بووە، ئەمەش نموونەی هۆنراوەکەیەتی:

جە بوڵبوڵ بێزار خار نەوازەنی

یار چەنی ئەغیار بێ مەجازەنی

[1] ئەم نیوە دێرە لە دیوانەکەدا نەخوێنراوەتەوە و خاڵ دانراوە، منیش وەکو خۆی نووسیومەتەوە، هەروەها ئەو شوێنانەی تریش کە خاڵ دانراوە، لە دیوانەکەدا هەر بەو شێوە بوون و منیش نووسخەی دیم لە بەردەستدا نەبوو تاکو چاکی بکەمەوە.

دڵ مـــەدام وە ئـــێش مـــەودای نیـــشتەردا

تـــیرێ مـــەوەردم وە تـــۆی جگـــەردا

نـــە دڵ مـــەدام پێـــت، پـــەرێ دڵـــداری

نـــە جگـــەر مـــەدام پـــەی زام کـــاری

نـــە (واللە بـــالله) چـــەنیت مـــەوەردم

نـــە عەهـــد و پـــەیمان بـــە جـــا مـــاوەردم

تـــــۆ وە دڵ مایـــــــل، وە ئێـــــــشەن

(.......) مەوبـــەت درووســـتی تـــۆ چێـــشەن

(......) نـــــەو نـــــەمام نـــــۆ

(......) یـــــە بـــــێ شـــــەرتی تـــــۆ

یـــە خەنـــدەی ڕەقیـــب، یـــە شـــادی فـــیراق

یـــە ســـۆز دەروون، ناڵـــەی ئیـــشتیاق

یـــە جـــۆش خـــاتر، یـــە ئەســـرین چـــەم

یـــە بـــێ قـــەراری دڵـــەی پـــەڕ جـــە خـــەم

یە زەردی ڕووخسار، یە خەم، یە قامەت
یە نێش دووری، یە ئێش زامەت
ئای خاس کەردەن جە ڕۆی وەفا و مەیل
ئەدای ئینشا فەرد "مەعدوومی" دڵ کەیل
(بێ تۆ ئازیزم قەرارم چۆنەن
تەوەن نییەنان، دڵ گۆشت و هوونەن)[2]
(ئینسافەن دووری زەخم بێ سامان
چینەی زیاتەر کافییەن ئامان)[3]
غوربەتەکەی چەم، فرە یا کەم بۆ
تووخودا با ساتێ دڵ وە بێ خەم بۆ

---

[2] ئەم دێرە بە هەڵە نووسراوە و ڕاستییەکەی وەهایە :
ئاخر ئازیزم تەوانام چوونەن     تەوەن نییەنان، دڵ گۆشت و هوونەن
دیوانی مەولەوی، لاپەڕە ٣٤١.
[3] ئەم دێرەش لەم دێرەی مەولەوییەوە نزیکە :
چینەیە زیاتر شای نەونەمامان     بێ ئینسافییەن جەفای بێ سامان
دیوانی مەولەوی، لاپەڕە ٣١٥.

بەزمەکەی خەمان، وەسڵت نەویرەن

یاناڵەی پەڕ تەم، جە لات دڵگیرەن

(......) پەرێ ناڵەشەن

(......) هەزار ساڵەشەن

گۆشەی چەم نیگاداری کەر[٤]

(.....) وەفاداری کەر

ئی ئیستیغنا و قین زیادەن، پەی چێش؟!

ڕەقیب وە مەیلت دڵشادەن، پەی چێش؟!

ئەر ماچی: خەستەی مەینەتان بەردە

تکەی زووخ جەرگ، زامەتان وەردە

بادە فەنای مەیل، دووریش نۆش کەردەن

ئازیزێ چوون من فەرامۆش کەردەن

---

[٤] ئەم نیوە دێرە ناتەواوە، لەبەر نەبوونی نووسخەی دیی، هەر وەکو خۆی هێشمەوە.

(....) دووریـــــــت مەکێـــــــشوون (....)

ئەســـرین دیـــدەم نـــوور ئەفـــشان کـــەردەن
تیرەکـــەت مەرهـــەم شـــیفای دەرد مـــن
دەردەکـــەت دەرمـــان ئـــاه ســـەرد مـــن
دووریـــت ڕاحـــەتی هیجـــرەت ســـاریمەن
فیراقـــت مایـــەی دڵ ئازاریمـــەن[٥]
وەســـڵت خـــۆ سەرمەشـــق زیندەگانیمـــەن
حوســـنت شـــەرح شـــەوق کامەرانیمـــەن،
بـــەڵام ئـــازیزم چـــینەی زیادتـــەر
مـــەتاو و گرتـــەی ڕای دووری نـــەوەر

---

[٥] ئەم دێرەش ناتەواوی پێوە دیارە، لە دیوانەکەدا نووسراوە: ئازادیمەن، بەڵام فیراق نابێتە هۆی ئازادی، دەبێتە هۆی ئازار، دەکرێ بەهەڵە خوێنرابێتەوە.

## ئەریٚ ئازیز*

ئەریٚ ئازیزم نەونەمام نۆ
حەرامەن نەی دەهر، دنیا وە بیٚ تۆ
بینایی دیدەم وە دیدەی مەستت
وە تاق ئەبرۆی وەهم پەیوەستت
وە بەرزی قامەت، نەی ئاسای نەی توول
وە سلسلەی پیٚچ، حەڵقەی زوڵف لوول
بەشەرت و وەفا، وە سەر نەبەردەن
بە عەهد و سەوگەند، چەنی من کەردەن
یە گشت سەوگەند، بۆ بینایی دیدەم
خەرام نەوخیٚز، ئەی بەرگوزیدەم

---

* ئەم هۆنراوەم لە دیوانی ئەحمەد بەگی کۆماسی موحەممەد عەلی سوڵتانی وەرگرتووە، کە کاك (فاتیحی ڕەحیمی لە مەریوان) کاری لە سەر کردووە و ماموٚستا حەمە ڕەشید نووسخەیەکی لەو کارە پیٚگەیاندم.

وێــران ماڵەکــەی دڵەکــەی کــۆس وە کــۆس
ســــفتەن وە ئـــــایر، دووری دیـــــدەی دۆس
تاڵــەی مـــن یەکـــسەر، ئاســـارش بڕیـــان
دەیـــــرەك ســـــەرتاق، ســـــتوونش مڕیـــان
وێـــش وە بـــێ یاگـــە ، مەنـــەن وە ماتـــڵ
زار و پەرێـــــشان، مـــــەدهۆش و خـــــەجڵ
ئیـــسە نـــە وەتـــەن، قـــەدیم فـــەرارەن
ئومێـــدش بـــە لووتـــف نـــیم نیگـــای یـــارەن
ڕایـــــێ وە یانـــــەی ســــفتەکۆش بـــــەرۆ
فکـــرێ پـــەی دەرمـــان، دەرد نـــۆش کـــەرۆ
ئـــازیز! قوربـــان، بـــاڵا تـــووڵ نـــەی!
بـــا وەس بـــۆ جـــەفات، ڕەحمـــت بـــۆ تاکـــەی؟
ئـــەحیا دەرەوە ، حـــــەیاتش جـــــە نـــــۆ
وە قـــــەترەی عـــــەرەق، بـــــەین دوو لیمـــــۆ

ئاوپاشـــی کـــەرە، هـــا، وەش یـــەك نەفـــەس
بـــــا وە تـــــەمامی نـــــەبۆ وە قەقنـــــەس

# ئەمان دەرچووە*

ئەمان دەرچووە، ئەمان دەرچووە
دەردی دووری تۆ لە حەد دەرچووە
هەناسەم تەنگە، ڕێی لێ گووم بووە
خێوەتی شادیم ڕووخا، کەوتووە!
فیراقت فەرقی کرد بە تووتیا
ئەعزام سەرانسەر لێک بووە جیا

---

* وەکو ئاشکرایە ئەم پارچە هۆنراوەیە وەرگێڕدراوەتە سەر شێوەزاری سۆرانی ( سلێمانی )، گومان بۆ ئەوە دەچێت ئەم پارچە شیعرە لەلایەن پیرەمێردی شاعیرەوە وەرگێڕدرابێت و دواتر بڵاوکرابێتەوە، ئەم پارچە شیعرە لە ڕۆژنامەی ( ژین )ی ژمارە ( ١٦٧٧ی ساڵی ٣٧ )، پێنج شەممە- ١٩٦٢/٥/٢٤، ( لا- ٤ ).
بەڵام ئەم هۆنراوەیە زۆری لە هۆنراوەی ( پەژارەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن )ی مەولەوی وەرگیراوە و بەناوی کۆماسییەوە لە ڕۆژنامەی ژیندا تۆمارکراوە، ئەگەر تەماشای شیعری خاڵۆ ویەردەن بکەین، ئەوا هەمان هۆنراوەی پەژارەت شادی..یە و کاری نووسەرەوەی دەستنووس گۆڕانی بەسەردا هێناوە.

تیرێکـــــــی وەهــــــات داوە لـــــە جــــەرگم

بــە مــــەرگت قەســــەم ڕازیــــم بــــە مــــەرگم

تــــۆ خــــۆت حــــاکم بـــــە ، نەونــــەمامی نــــۆ

مــــــردن چــــاکترە تــــا هیجرانـــــــی تــــۆ

بــــــاری خەفــــــەتم لــــــە ســــــەر ملایــــــە

ئەســـــــتۆم نانــــــــەوێ، مەگـــــــەر پۆڵایـــــــە

(مــــــــــردن) جارێکـــــــــە وا ئەبڕێتــــــــەوە

دووریــــــــت زامێکـــــــە لــــــێم نابێتـــــــەوە

# بۆی شنۆی نەسیم.. *

بۆی شنۆی نەسیم وەهاران مەیۆ
ئاخ بۆی کزەی جەرگ زامداران مەیۆ
سەدای بەزمی گەرم، مەیخۆراران مەیۆ
بانگ نۆشانۆش، جە یاران مەیۆ
مەیەن، مووتریەن، سازەن، ئەندازەن
نەیەن، عوشرەتەن، نازەن، نیازەن
یاران گشت سەرمەست، بادەی ویساڵەن
سەرشای شەراب و ساقی، زوڵاڵەن
ئای بەدبەختە من، ئەی زام سەختی من
ئای ستارەی شووم، ئای مەرگ وەختی من

---

* ئەم هۆنراوەشم لە کەشکۆڵی موحەممەد سادق وەرگرتووە، لە دیوانی کۆماسی دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لێرەدا دوو دێری زیاترە و هەندێ جیاوازی وشەیش بەدی دەکرێت.

زامـــدار و پەشـێو، بـێ ڕەنــگ، بـێ پــەرداخ
لێـــوەی بــار وە لێــو، دەروون پــڕ جــە داخ
بـــۆی گوڵاڵـــەی دەرد، دووری دیدەکـــــەم
مـــەیۆ نـــە دەمـــاخ، خـــەم گوزیدەکـــەم
شــەرتەن ئــەر جەســتەم نــە خــەم دا نــەبۆ
پـــەی کـــێ ئـــەر ناڵـــەم نـــەی دەم دا نـــەبۆ؟
دڵـــە وەی وێـــت، وە ڕۆی ســـەیلی خـــەم دا
ســـا پــەی کــێ ناڵــەت هــۆر، وەر نــەی دەم دا
ئـــازیز وادەی کـــــۆچ ڕۆی مەستوورشـــــەن
وادەی بـــێ مـــەیلی و مـــەیل دوورشـــەن
ئـــەو بـــاڵای ئـــاڵای کـــاڵای ئەنـــداز پـــۆش
ئـــەو ئـــەبرۆی ســـێوەنگ، دیـــدەی نـــاز فـــرۆش
نـــە پـــەردەی مـــەجاڵ، ڕەقیـــب ئـــەغیار
خێـــزۆ نـــاڕێز، وە بـــۆی موشـــک تاتـــار

چـــەنی هـــۆش مـــانۆ، چـــوون نەشـــۆ فـــامم
چ تـــــەور نەشـــــێویۆ، قافیــــەی قـــامم
دیـــدەی لـــێلاو بـــی، ئـــەبرۆ مـــانی نـــەوی
جەســـتە زووخـــاڵ بـــی، ئـــەر هـــیلاك نـــەوی
ئـــەو جـــەمین جـــام گەردەنـــەی بـــێ گـــەرد
ئـــەو ئاینـــەی ســـاف ســـینەی نـــاز پـــڕ وەرد
جیلـــوە نوومـــا بـــۆ پـــەی دیـــدەی ڕەقیـــب
ئـــەغیار وە کـــام بـــۆ، یـــار چـــوو پـــەی نەســـیب
دڵـــە زووخـــاڵ بـــی، ئـــەر فـــانی نـــەوی
تەنـــە هـــیلاك بـــی، ئـــەر زووحـــاك نـــەوی
مـــن دەردی دووری ڕای ناڵـــەم بەســـتەن
نەیـــچەم ســـەنگ ســـەخت، هیجـــران شکەســـتەن
ئامانـــەن نەیـــچی بـــۆ ســـەدای جـــاران
بـــەو ئـــەدای وەش تـــەرزە، بەزمەکـــەی یـــاران

ماچــان: نــەو وەهــار خــەم پــێش مــەبۆ کــەم
مــن جــەی وەهــار، شــادیم بــی وە خــەم
ئەگــەر هامنــەن وە ئەگــەر وەهــارەن
هــەر کــەس بــێ یــارەن، خــەم وەنــەش بــارەن

## بەگزادەی جافان*

بـــــەگزادەی جافـــــان، بـــــەگزادەی جافـــــان

ئـــــەرێ وە لیـــــالاٚت، بـــــەگزادەی جافـــــان

ئـــــەرێ باشـــــقەی زوڵـــــف کـــــۆی کلاٚفـــــان

ئـــــەرێ دڵ پەســـــەند، تـــــەبع زەڕافـــــان

---

* ئەم هۆنراوەم لە کەشکۆڵی موحەممەد سادق وەرگتووە، وێنەی ئـەم کەشـکۆڵە لەلای مامۆسـتا موحەممـەد عـەلی قەرەداغییـە و ڕێگـەی دا وێنەیـەکی لەبـەر بگرمەوە، وەکو لە شوێنێکی تـر وتوومـە موحەممـەد سـادق چـەند کەشـکۆڵێکی نووسیوەتەوە، ئەمەش کەشکۆڵێکی تریيەتی و من ئێستا سێ نووسخەی کەشکۆڵی ئەم شاعیر و ئەدیبەم لەلایە، ئەم کەشکۆڵە لە ساڵی ١٢٧٢ لـە شـێوەی بـەیازدا نووسراوەتەوە و بریتییە ١٣٢ لاپەڕە بە قەبارەی ١٩×١٠سم، خەتەکەی لە چـەند شوێنێکدا ناخۆش بووە و بەحاڵ ئەخوێنرێتەوە، جگە لەوەش کەشکۆڵەکە شـپرزە بووە، لە پێرستی کەشکۆڵەکەدا ئەم هۆنراوە بەناوی ( ٢٦ کۆماسی ( گڵکۆی لەیل ) نووسراوە، وەکو لە پێشەکی دا وتوومە چەندین ئەحمەدی شاعیرمان هەیە...
لەکاتی کۆپی کردنی ئەم کەشکۆڵە بەهۆی تۆخی لاپەڕەکانی هەندێ جێگەیم بۆ نەخوێنرایەوە و هەندێکیشی بەگومانەوە نووسیومە و نیشانەی ( ! )م بۆ داناوە.

ئەرێ هەی نەجیم، سەرتاپا شیرینی
ئەرێ هوونی قەتڵ، فەرهاد دێرینی
ئەرێ لەیل سانی، قەیس دێوانەکەر
ئەرێ هەی تەرسای سەنعان و ڕابەر
تۆ بە لارولەنج، بێ کەماڵەوە
بێ قەد ، بێ ئەندام، تەڕ باڵاوە
بێ (طنی!) مەحبووب، پاك جەماڵەوە
بێ ئەگریجە و زوڵف، خەت و خاڵەوە
بێ سوونع ئەیام، چەهاردەساڵەوە
نەی لیمۆی نیمڕەس، نیمە کاڵەوە
هووریزە تەشریف، بڕۆ ماڵەوە
چە کارتەن، وە سڕ نەزان حاڵەوە
حاڵی بیم جەویای دانەی لاڵەنی
(خۆ نایەت کەرد!) پڕ کەماڵەنی

جــە.... بــەر خــاك، هــەوای ســەردی ســەنگ
ڕای جــەواب نییــەن، چــەنین کــەرۆن جــەنگ
خــان خــاك، وەیتــەور مەحبووســم کــەردەن
نــازداران[1] وێــم، جــە یــادم بــەردەن
بــەڵێ، هــەی چــەند شــین و زاری مەکــەری
هــەر چــەند ســەردی ســەنگ، ســیا مــەوەری
فامیــدەت نییــەن، ســوود نــەدارۆ پێــت
بــشۆ زاری کــەر، پــەرێ بــەخت وێــت
کــێ جــە دام هــەرکێ قەیــدش نەڕســتەن
یــەك یــەك بــە زەنجیــر، عــەیادێ بەســتەن
جــە (یــوم ألــست) نــاوادەی مەحــشەر
کــەس جــەور مــەرگ نمەشــۆ وە ســەر

---

[1] لە سەرووی ئەم وشەی ( نازدارانەوە )، ئەم وشەیش نووسراوە ( فەرزەندان ).

هــەر چــەند تــۆ پــەی مــن حــەولّ و والآتــەن
ئـــاخر ســـەرئەنجام ئـــەی جاگـــە جاتـــەن
یــە (ئەحمـــەد) واتـــەن، دلّ پـــڕ غەمگینـــەن
حەســـرەت (مەنـــد بـــین!)، بـــالاّی شـــیرینەن

# تۆبەکارانەن*

تۆبەکارانەن، تۆبەکارانەن
سۆز لاڵەی گەرم، تۆبەکارانەن
کزەی جگەر سۆز هەردە جارانەن
یانە سفتەکەی بەین یارانەن
گا مەردەی بێهۆش، گا زیندەم بەسەر
گا وێڵی هەردان، سەرعی دەربەدەر
گا لەب وە خەندە، دەمیۆ زاریەن
لادەیۆ جە هیجران بێقەراریەن
نە گێجاو بەحر، جەیحوونی تاسەم
شکستەن کەشتی، سەبای هەناسەم

---

* ئەم هۆنراوەم لە دیوانی ئەحمەد بەگی کۆماسی موحەممەد عەلی سوڵتانی وەرگرتووە، کە کاك (فاتیحی ڕەحیمی لە مەریوان) کاری لە سەر کردووە و مامۆستا حەمە ڕەشید نووسخەیەکی لەو کارە پێگەیاندم.

ســــيواى ئاموشــــۆى هەناســــەم بەنــــدەن
مــــەمات بنــــچينەى حــــەياتم كەنــــدەن
وەرنــــە يــەك نەفــەس ســەما و ســەر زەمــين
مەســــــوزۆ بــــــەنار دڵــــــەى ماتــــەمين
فيــــدات بـــام قوربـــــان، هـــەى بەرگوزيــــدەم
دووريـــــت كـــــەم كـــــەردەن، بينــــايى ديـــدەم
وەلحاســــــڵ دەردان تــــــەمامى يەكــــــسەر
گــشت ونــەم ســەردان، ســـەوڵى نازپــەروەر!
مــــەجنوونى ئاســــا، حــــەيات و مــــەمات
ئەنيـــسى منــــەن، گيــــانم بـــــۆ فيــــدات
گاويانــــە هـــــوون، نــــە ســــەر كــــڵاوان
وێـــــڵ وێـــــڵ مــــەگێڵۆ، پــــەرێت نــــەكاوان
گــــا مەســــت مــــەدهۆش، ماتــــەن خــــەياڵم
گــــا نــــە فيكــــر و هــــۆش، ڕاگــــەى ويــــساڵم
گــــا شــــاد و ســــەرخۆش، گــــاهێ غــــەمناكم

گا چوون نەقشی سەنگ، ئوفتادەی خاکم
گاهێ چۆڵی کۆ، فارغ نە ئەغیار
گا ئەنیسی ڕاز، هەمدەردی تەیار
گا پەی دڵ وەشی، دڵەی بێقەرارم
مەکەرۆ ڕازان، شەککەرین گوفتارم
هەر چەند دڵ وەشی، دڵە سا بسرەو
فزوونتەر مەبۆ، گرەی نار ئەو
خولاسەی کەلام، لەیلی سۆسەن خاڵ!
سەرتاپای بەدەن، ها بی وە زووخاڵ
مەگەر حەق موراد مـن حاسڵ کەرۆ
دیدەی دڵ، دیدەی تۆ واسڵ کەرۆ
وەرنە ها وەختەن (ئەحمەد) چوون یاران
داخڵ بۆ نە جەمع جەرگەی مەزاران

## تلووع کەر جە نۆ*

تلـــووع کـــەر جـــە نـــۆ، تلـــووع کـــەر جـــە نـــۆ
فیـــدای تەلعـــەتت، تلـــووع کـــەر جـــە نـــۆ
هـــەر کـــەس وە شـــێوەی عەشـــقت پـــەی بـــەرۆ
شـــێتەن جـــە عەشـــقت، لۆمـــەی مـــن کـــەرۆ
بـــەو شـــێوەی شـــیرین، کـــێ بـــۆ جـــەلای تـــۆ
نـــەدا فـــام و هـــۆش، مەگـــەر وەحـــش کـــۆ
تـــای زولّفـــت، نـــەپای ئـــەبرۆت، پەخـــشان کـــەرد
(.....................................................................)[1]
وە بـــۆی نەســـیمش، نەشـــئە بـــیم وە شـــاد
ئەســـــــڵەن ڕۆی دووری نمانـــــــا وە یـــــــاد

---

* ئەم هۆنراوەم لە دیوانی ئەحمەد بەگی کۆماسی موحەممەد عەلی سولّتانی وەرگرتووە، کە کاك (فاتیحی ڕەحیمی لە مەریوان) کاری لە سەر کردووە و ماموّستا حەمە ڕەشید نووسخەیەکی لەو کارە پێگەیاندم.

[1] ئەم دێرە لە دیوانەکەدا نەبوو، بۆیە منیش لەنێو کرۆشەدا دامناوە.

دەمـــاخم ســـەروەش چـــوون ســـەوزەی ســـاوا
کـــەیفم ســـەر وە پـــای فەڵـــەك مەســـاوا
ناگـــا پێـــشانی دڵ داش وە هـــــەم دا
پەیاپـــەی ئەســـرین ئامـــام وە چـــەم دا
ئـــازیز یـــە ئەفـــسوون مـــەهجووری تـــۆ بـــی
یـــە موڵـــك نـــاری ڕۆی دووری تـــۆ بـــی
هـــەی ڕای حـــەیاتم، تـــۆڕی دیـــدە مـــەس
هـــای نەکـــەردە، بـــۆت وەر نـــەدەی جـــە دەس

# پەی چێش نەشۆ جێش *

پەی چێش نەشۆ جێش، پەی چـێش نەشـۆ جـێش
سـا پــەی چــێش دیــدەم، زووخــاو نەشــۆ چــێش

---

* ئــەم هۆنراوەیــە لــە کەشکۆڵی ئەحمــەدی شــاقەڵا دا هــاتووە و مــن لــەوم وەرگرتووە، لە دیوانە چاپکراوەکەی خاڵۆ کۆماسی دا هاتووە، و دوای ئــەوە ئــەم دوو دێرەی مەولەوی هاتووە:

( نە ساڵ و نە مانگ، نە هەفتە و نە شەو
نــــە ساتێ ئــــــارام، نە دەقیقەی خەو )
( نمەشۆم نــــە چـــــەم نە دەرد دووریت
هەر ئێر مەوانۆن ئاخ، جەمە هجووریت )

دوای ئەم دوو دیرە شیعرە، دێرێکی دیی هاتووە، بەڵام لــە کەشکۆڵی ئەحمــەدی شاقەڵادا دێری ( نە ساڵ و نە مانگ... ) هاتووە و کراوە بــەکۆتایی ئــەم پارچــە هۆنراوەیە، دوای ئەوە پارچەی ( نمەشۆم نە چەم ) هاتووە و لە سەری نووســراوە: ( ولە ) و لە کۆتاییشدا ناوی ( ئەحمەد ) هاتووە.
بەڵام لە دیوانەکەی موحەمەد عەلی سوڵتانی دا ئەم دوو دێرە کــراوە بەســەرەتای پارچە هۆنراوەیەکی سەربەخۆ کە من بەناوی نمەشۆ لێرەدا دامناوە، دێرەکانیشی لەچاپەکە کەمترە.

دەروونم جـــە داخ چـــەنی نـــەبۆ ڕێـــش
پـــەریَ چـــێش بـــەختم سـەنگ نـەوارۆ لـــێش
دلّـــە ســـاوەختەن بـــا بـــەیۆ نالّـــەت
دیــدە جـــە زووخـــاو پـــەڕ کـــەر پیالّـــەت
جەســـتە ڕەنگـــین کـــەر، ئامـــان ســـەد ئامـــان
وەهـــوون زامـــان، ســـەر تـــا وە دامـــان
پـــەی چـــێش بیـــی قیبلـــەی شـــیرین ڕازەکـــەم
ڕۆشـــنایی عـــەین ئـــاوات وازەکـــەم
یـــا نیٚهـــای لـــەیلێی کۆکلّـــەی کـــۆی نـــەپێلّ
ڕۆحەکـــەی جەســـتەی قـــەیس ئـــارا گێـــلّ
یـــا، هـــا، تـــەن خەســـتەی تـــیری دیـــاش بـــێ
دلّ زامـــدار مـــار زولّـــف ســـیاش بـــێ

(نه ساڵ و نــه مــانگ، نــه هەفتــه و نــه شــەو
نـــه ســـاتێ ئـــارام، نـــه دەقیقـــەی خـــەو)[1]

[1] ئەم دیره هی مەلەوییه، دێرەکـەش لـه پارچـه هـۆنراوەی ئـارەزوو مەنـدیم وەرگیراوە.

## پیری یاونای*

پـــــیری یاونــــــای، پـــــیری یاونــــــای

حـــــالْم وه حالْـــــەت، مـــــەردن یاونــــــای

وه خـــــار هیجـــــران، جـــــەرگم کاونــــــای

چـــوون بووتـــــەی زەڕگـــــەر، ئـــەعزام تاونــــای

جـــــۆش جـــــوانی، جـــــە دەســـــتم ســـــانای

خـــــوار و خـــــەفیف بـــــەمن نمانــــــای

---

* ئەم پارچە شیعرە لە کەشکۆڵەکەی موحەمەد ساق وەرگیراوە و لـە سـاڵی ١٢٨٩ نووسراوەتەوە، ئەگەر وابێت بـە پێی ئـەو چـەند هـۆنراوەی کۆماسـی کـە لـەم کەشکۆڵەدا هەیە و لە دیوانی بێسارانی دا هەیە، دەبێ شیعرەکان تێکەڵاو بووبن، ئەگەرچی لە دیوای هۆنراوەی گڵکۆی تازە لەیل نەنووسراوە ( ولە )، بەڵام بـەهۆی ئەوەی کەشکۆڵ نووس لە سەر هەر بەشێك لە شیعرەکان ناوی شاعیری نووسـیوە و دواتر نووسیویەتی ( تمد شد )، لەبـەر ئـەوەی لـە دوای هۆنراوەکـانی کۆماسـی نووسراون، لێرەدا تۆماریان دەکەم و تاکو نووسخەی زیـاتر و بەڵگـەی زیـاترم دەستکەوێت یان دەردەکەوێ، بەم شێوە بڵاوی دەکەمەوە.

کەسیف و کەساد ، بیٚ قەدرم کەردی
مایەی حەیاتم، جە بیخ ئاوەردی
کەرد داو وە یاتاخ، ئاخ و داخ و دەرد
هیچ نەمەند جە لام غەیر جە ئاه سەرد
ماوەرۆن وە یاد ویەردەی وەرین
ئەیام، شەباب دەوران دێرین
وا حەسرەتامەن پەی ڕۆزگاران
پەی ئەو شادی وزەوق سووبح و ئێواران
نەی وەر نازاران، شۆخ جەمین جام
ئینتیزارم بیین جە سووبح تا وە شام
نازاربیم جەلای نازك نەوهالاْن
نازم مەکێشان، دیدە غەزالاْن
پۆل پۆل خالْخاسان نەدەورم جەم بیین
پەروانە دەستوور، شەیدای ڕۆی شەم بیین

جـــەمین خاســـان، جـــام جـــەمم بـــی
چـــای زەنەخدشـــان، چـــای زەمـــزەمم بـــی
حـــەیان و بـــەیان ســـەدر ســـینەی ســـاف
هـــەر ســـووبح تـــا ئێـــوار، مەکـــەردم تـــەواف
چـــەنی مـــەحبووبان، ســـاحێب خـــاڵ و خـــەت
مەکـــەردم ســـەیران نەهـــەردوو هەڵـــەت
دایم گـــوڵ چین بیم جـــە گـــوڵـزارشـــان
پـــشتان بـــیم وە بـــەژن عەرعـــەر تارشـــان
گـــا ســـەیر گـــوڵان، سۆســـەن جـــە کـــاوان
گـــاه گـــۆش مـــەدام وە دەنـــگ شـــاخەی وفـــراوان
گـــا گـــوڵ وەنۆشـــە، گـــا چـــووزەی چـــنوور
گـــا نیگـــای ڕەنـــدان، حـــازر نـــەحزوور
گـــا دەســـتەی گـــوڵان، نـــازاران بەســـتە
مـــەدان بەدەســـتم دەســـتەی بـــە دەســـتە

مەپێــــچیان گـــولاَن بـــەزولَف و عەنبـــەر
عەتر و زولَف و گـولّ و هـۆش مەبـەرد جەسـەر
نـــازاران پـــەی مـــن ســـەوقات مـــەکیانان
ئـــــەزهار وەفـــــا و بـــــەینت مـــــەنمانان
ئیــسە وا کەســیفم کـــەردی، بەســـەد دەردەوە
وەشـــــی ســـــالاَنت جـــــەلام بـــــەردەوە
کەســـــاتم کـــــەردی جـــــەلای نـــــازاران
چـــوون پارچـــەی قـــەدیم مەنـــدەی بـــازاڕان
کـــردەت وە چـــەوگان، چـــەمیدەی ســـالاَن
بـــێ قـــەدر و کەســـاس، دەســـت ئـــەتفالاَن

❊❊❊❊

کـــەل و کـــۆرت کـــەرد ، چـــوون کوونـــە دیـــوار
ئاروفتـــــــــە و خـــــــاپوور دەور ڕۆزگـــــــار
بـــالاَی عەرعـــەر تـــار، نـــەخلی پـــەڕ مایـــە
نـــازاران جەســـــاش مەگـــــەرتن وایـــــە

کـــــردەت وە چـــــەوگان، چـــەمیدەی ســـــاڵان
بـــێ قـــەدر و کەســـــاس، دەســـــت ئـــەتفاڵان

❊❊❊❊

مـــــەیل نـــــازاران ســــــەرکەردی جــــەلام
نـــــازاری و مـــــــەیل، نمـــــەبرۆم نــــــام
ماچـــان: ئـــەر ســـەد کــە مەخفیـــشان وەنـــدەن
چـــابووکی شـــــەوان جـــــەلاش نەمەنـــــدەن
مەواچان: پیرەن، بێ کەڵکەن، مەسرووف نـەدارۆ
نیگـــــا کـــــــەردنش کەراهـــــــــەت دارۆ
پـــیری حـــــەق جـــە تۆبەســـــتان و قەســـــاس
هـــا وەختـــەن دڵ نـــەدەور جـــەفات بـــۆ خـــەڵاس

## جەفای تۆم وەردەن*

جەفای تۆم وەردەن، جەفای تۆم وەردەن
ئازیز من یەند جەور، جەفای تۆم وەردەن
نەعشم ها نە حالّ، غورغرەی مەردەن
ها یاوا وەعدەی گیان تەسلیم کەردەن
ئینە گرد جە داخ جەور و جەفای تۆ
هیچ نەدیم وە چەم ساتێ سەفای تۆ
بەو خودا قەسەم واحد فەردەن
حس تۆش وەیتوور، وجوود ئاوەردەن
کزە و قرچەی جەرگ، بۆی کەواوی دڵ
گرپەی گڕەی نار، دەروون پەڕ چڵ

---

* ئەم هۆنراوەم لە دیوانی ئەحمەد بەگی کۆماسی موحەممەد عەلی سوڵتانی وەرگرتووە، کە کاك ( فاتیحی ڕەحیمی لە مەریوان ) کاری لە سەر کردووە و مامۆستا حەمە ڕەشید نووسخەیەکی لەو کارە پێگەیاندم.

ئەو کزەش کەردەن خەلایق ستەم[1]

ئێد سارای ویساڵ، پۆشنان وە تەم

خۆفم هەر ئێدەن، من جە مەردەنم

بە وەقت تەسلیم گیان سپەردەنم

بەیانیم وە سەر نەکیر و مونکەر

بواچان: کێتەن خودا و پێغەمبەر

چێش بدەو جواب، ئەو کۆ بەروو داد

نەو سەر وەخت دا، هەر تۆم ها وە یاد

ئازیز یە سزای ئیستغنای وەسڵت

یە جەور غوربەت، یە جەفای فەسڵت

یە دوود سینە، تەوەن تاومەن

یە دیدەی پەڕ نەم، شەو بێ خاومەن

---

[1] ئەم نیو باڵە لە دیوانە چاپەکەدا بەم شێوە نووسراوە ( ئەو کزش کەردەن خەلایق ئەسم )، هەڵەیە و چاکم کردۆتەوە.

خـــۆ نـــەوێت ڕازی بـــە وەســـــڵ یـــاران
پـــێم ئـــاوەرد ، دەردی غـــەریبی شـــاران
بـــارێ جـــەی غوربـــەت نەکـــەردات وە یـــاد
ئیـــسە خـــۆ هـــا وەڵـــگ عـــومرم شـــی وە بـــاد

## خاو جه دیدەم دوور*

خاو جه دیدەم دوور، خاو جه دیدەم دوور
خەیاڵت کەردەن، خاو جه دیدەم دوور
هەر ئەسر هوونش مەیۆ بەزەروور
تێشدا نەمەندەن زەڕیۆ مایەی نوور
تووخودا نەترسەن پەنەت نییەن ڕام
من سفتەی دەردەن نەمەردم ئارام

---

* ئەم پارچە شیعرە لە کەشکۆڵەکەی موحەمەد ساق وەرگیراوە و لە دیوانی بێسارانی حەکیم مەلا ساڵح لە لاپەڕە ۲۳۳ دا هەیە، جگە لەوەی جیاوازی زۆر هەیە، بەڵام لەلای من هۆنراوەکە زۆرترە و لەلای ئەو ٦ دێری لێ بڵاو کردۆتەوە، دوای بەراوردکردن بۆم دەرکەوت سێ هۆنراوەی بێسارانییە و تێکەڵاو کراوە، بەشێك لە هۆنراوەی (ناڵەی دەردەدار بێ ئاخ نمەبۆ) و بەشێك لە هۆنراوەی (کەبۆتەر هەوەس..!) تێکەڵ بەم هۆنراوە کراوە، ئەگەرچی لە کەشکۆڵی عەبدولمولئمین دا هاتووە و لەم کەشکۆڵە کۆنترە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە بەشی کۆماسیدا هاتوون، من لێرەدا چاپم کردووە، تاکو خوێنەری لێ ئاگادار بکەمەوە، کەشکۆڵی عەبدولمولئمین پێش ژیانی ئەحمەد بەگی کۆماسی نووسراوەتەوە، ئەم هۆنراوە لەم کەشکۆڵەکەدا بەم شێوە نووسراوە.

بـــەڵی ســــفتەی دڵ، نمــــەوینی وێـــــت
بـــاوەڕ نـــەداری مـــن واچـــۆن پـــەرێت
جـــەدوور مــــەوینی ســـفیدەن بـــەرگم
مـــەر نەدەروونـــدا لـــەت لەتـــەن جـەرگم
یـــا ڕام بـــەتۆ دەرد یاومـــــەن قـــەرار
مەرهـــەم خوداوەنـــد، کـــەرەم بـێ شـــوومار

# خەلقان هەراسان*

خەلقان هەراسان بێ قەراریمەن
هەر شەو تا بە ڕۆ، شین و زاریمەن
چەم نە جای ئەسرین، زووخاو جێش مەیۆ
کافر وە جەستەم بەزەییش مەیۆ
نێش مۆژەی تۆم، دڵ کەردەن پارە
وە دەواو دەرمان، نمەبۆ چارە
مەر قەترەی عەرەق، پای بەیان زەرد
چەنی نووختەی خاڵ، فیرۆزەی بێ گەرد
چەنی تای کەڵاف، موشك عەترامێز
خەیاتەی بێ خەوش، گا سیا و گا دێز

---

* ئەم هۆنراوەم لە دیوانی ئەحمەد بەگی کۆماسی موحەممەد عەلی سوڵتانی وەرگرتووە، کە کاك ( فاتیحی ڕەحیمی لە مەریوان ) کاری لە سەر کردووە و مامۆستا حەمە ڕەشید نووسخەیەکی لەو کارە پێگەیاندم.

بکیانـــــه پــــەرێم حـــــۆری زادەی حــــۆر

پــــەرێ بەقیــــەی زام، نەســــرەفتەی ناســــۆر

دڵـــــسۆزان بـــــەیان، جــــه هۆزانـــــەوە

جــــای نــــێش مـــــوژەت بدۆزانـــــەوە

نووختـــەی مـــاوی خـــاڵ، عـــەتر لیمـــۆوان

مەرهەمـــەن پـــەی زام، جەســـتەی ناتـــەوان

دڵ کـــەرۆ خـــەڵاس، جــــه ئێـــشی زامـــەت

وەرنـــه هـــەر بەســـۆن، تـــا ڕۆی قیامـــەت

# چەرخ پڕ خەتەر*

چەرخ پڕ خەتەر، چەرخ پڕ خەتەر
میرزام داد جە دەست، چەرخ پڕ خەتەر
هەر ڕۆ مەنمانۆ، بەد جە بەد بەتەر
نمازۆ بەرشۆ دایەرولبەشەر
چەند کەیخوسرەوان مەرسەعی پۆشان
یەك یەك بەرد بەکونج شار خامۆشان
کۆن "ئادەم"[1] و"نووح"،[2] "ئیبراهیم خەلیل"[3]

* خاڵۆی کۆماسی لەم شیعرەدا پەیڕەوی خانای قوبادی کردووە و سوودی لەو هۆنراوانەی خانا وەرگرتووە کەبەناوی "دنیا مەککارە و گومڕای سەرنگوون.."ە.

[1] ئادەم: یەکەمین کەس و یەکەم پێغەمبەرە کە خوا ناردوویەتی بۆ سەر مرۆڤ.

[2] نووح: پێغەمبەری خوایە، لە قورئاندا سوورەتێك بەناویەوە هاتووە، لە تەمەنی (٥٠) ساڵی دا کرا بە پێغەمبەر، لە دوای پێغەمبەری ئیدریس، نووح (ع. س) (٩٥٠) ساڵ لە ناو قەومەکەی دا بانگەوازی خوایی ڕادەگەیاند.

[3] مەبەست لە "پێغەمبەر ئیبراهیم" و بە خۆشەویستی خوا ناسراوە.

"یوسف و یەعقوب"[٤] چەنی "ئیسماعیل"[٥]

کۆشی ئەساسەی موڵك "سولیمان"[٦]
حوکمش ڕەوا بی نەدەور جیهان
هەر چەن ئادەمی و دێو و پەریش بی
تەمامی نەحوکم ئەنگوشتەریش بی

---

[٤] یوسف کوڕی یەعقووبی کوڕی پێغەمبەری ئیسحاقی کوڕی پێغەمبەری ئیبراهیم ( خلیل الله )یە، دایکی ناوی ( ڕاحیل )ە، یوسف دوو بران لە یەك دایك- ( یوسف و بنیامین )، بەلاّم بە ژنی دووەمەوە دەکاتە یازدە برا.

[٥] ئیسماعیل: کوڕی ئیبراهیمە، دایکی ناوی هاجەرەیە، یەکێکە لە پێغەمبەران و چیرۆکێکی دوور و درێژی لە سەر باسکراوە لە قورئاندا، زۆر گوێڕایەڵی پێغەمبەر ئیبراهیمی دەکرد لە ژیانی ڕۆژانەی دا. هەروەها قۆچی قوربانی ( لە جەژنی قوربان دا ) لەسەر گوێڕایەڵی ئەو دانرا و کرا بەسوونەتێك.

[٦] یەکێکی ترە لە پێغەمبەرەکانی خوا، سولەیمان کوڕی پێغەمبەری داودە و لە دوای کۆچی دوایی باوکی- بوو بەجێنشین لە پێغەمبەرایەتی و پاشایەتی دا، خوای گەورە کردی بە خاوەن گەورەترین نیعمەت لە نیعمەتەکانی خۆی، ئەویش فێربوونی زوبانی باڵندە بوو.

مەنــشت نــەڕووی تــەخت، توحفـــەی ئــەعلاوە
چـــوون بـــاد ســـەڕ ســـەڕ، مەشـــی بـــەڕاوە
مـــــەگردش شــــێران ئـــادەم و پـــــەری
دیـــــوان شـــــاخدار، تـــــەیر و تیـــــوری
مەڕەقـــــسا بەشـــــەوق زەوق دنیـــــاوە
شـــاد مـــــەبی بـــــەڕەنگ تـــــەخت ئـــالآوە

ناگـــا چـــەنگ، مـــــەرگ بـــێ وە مێهمـــــانش
نـــەوێش مەنـــد نەتـــەخت، نەســـوپا و ســـانش
بەکۆشـــــی "داود"، [٧] "زەکـــەریا"[٨] و"ئیـــدریس"[٩]

---

[٧] داود: پێغەمبەرێکە لە پێغەمبەرانی (بەنی ئیسرائیل)، خودا پێغەمبـەرێتی و دەسەڵات و پاشایەتی پێ بەخشی، خاوەنی کتێبی ئاسمانی زەبوورە، سـەربازێك بووە لە سوپای تاڵووت و بەرەنگاریی سەرکردەی دوژمنانی (جالووت) بووەتەوە.

[٨] زەکەریا: پێغەمبەرێکە لە پێغەمبەرەکانی خوا، کوڕی پێغەمبـەر سـولەیمانی کوڕی دوادە، لە قورئاندا لە هەشت جێگە ناوی هاتووە.

"ســـالْح چــەنی هــوود ، شــوعـەیب و جــەرجیس"[10]

"ئیـــسحاق و یـــەحیا و مووســـا پێغەمبـــەر"[11]

---

[9] ئیدریس: یەکێکی دییە لە پێغەمبەرەکانی خوا، ئەوەش لە بیر ناکەم کە ناوی لە قورئاندا هاتووە و یەکەم کەسە کە لەلایەن خواوە جوبرەئیل بەوەحی ( ٣٠ )سی سەحیفەی بۆ هێناوە و لەئایەتی ٥٦ی سوورەی مەریـەم و ٨٥ی سـوورەتی ئـەنبیا ناوی هاتووە.

[10] سالْح: پێغەمبەرە، لە تایەفەی قەومی سەمموودە و لە ئـەولادی سـامی کـوڕی پێغەمبەری نووحە ( ع. س )، خوای گەورە سالْحی کرد بـە پێغەمبـەر و نـاردی بـۆ سەر قەومی سەموود، ئەم قەومە لە قورئانـدا زۆر باسـی لێـوە کـراوە، قـەومی سەموود دەکەوێتـە بـەینی شـاری مەدینـە و شـام، تـاکو ئێـستاش شـوێنەواری خانووەکانیان ماوە.

هوود: کرا بە پێغەمبەر و نێردرا بـۆ سـەرقەومی عـاد، هـوود بـە حـەوت پـشت دەچێتەوە بۆ سەر سامی کوڕی پێغەمبەری نووح، قەومی عاد لە بەینی ( عوممان و حەزرەمووت ) دانیشتەجێ بوون.

شوعەیب: ئەمەش یەکێکی دییـە لـە پێغەمبـەران و دەڵـێن: کـوڕی پێغەمبـەری ( ئیبراهیم )ە و پیاوێکی زۆر لە سەرخۆ و هێمن بووە لە ئامۆژگاری ئومەتەکەی دا، لە مەدیەن بووە.

جەرجیس: یەکێکی دییە لە پێغەمبەران و ناوی لە قورئاندا نەهاتووە.

[11] ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم "خلیل الله"یە، یەکێکی دییە لە پێغەمبەرەکانی خوا.

یەك یەك بەرد وە قەبر تاریك بێ دەر
بەكۆشی ڕەسوول، سەید سەروەر
شفاخوای ئۆمەت، ڕۆی دەشت مەحشەر

بەرگوزیدەی حەق، شای بوراق سوار
حەبیب نازار، دۆست كردگار
سایەی ئەبر، پەرێش سەیوان بی نەسەر
بەموعجزەی وێش، شەق مەكەرد قەمەر
سەنگ ڕێزە جە دەست موبارەك ئەو
تەسبیحات مەكەرد ، ڕۆوان تا بەشەو

---

یەحیا : كوڕی پێغەمبەر زەكەریایە، بڕوای بە دینی پێغەمبەری عیسا هێناوە و بووە بە پێغەمبەر.

مووسا : یەكێكە لە پێغەمبەرەكانی خوا، موسا كوڕی عیمرانی كوڕی فاهیتی كوڕی لاوی كوڕی پێغەمبەری یەعقووبی كوڕی پێغەمبەری ئیسحاقی كوڕی پێغەمبەری ئیبراهیم ( خلیل اللە )یە. دایكی ناوی یوكان یان یوحازیری كچی لاوییە.

جــه یەومـــەن ڕەســـوول "عەلیـــه الـــسلام"
زەمـــین ڕۆشـــن بـــی، بـــه دیـــن ئیـــسلام
جــه خۆشـــی ڕەســـوول، ســـەید پـــەڕ نـــوور
"دنیـــا و مافیهـــا" ئامـــا بـــه زەروور
تـــا "ئـــاخر والمـــر" بـــه حـــوکمی جـــەبار
جوبرەیـــل نامـــەی مـــەرگ ئـــاوەرد بـــەوار
جــه شـــەربەت مـــەرگ ئامـــان نـــەبی پـــێش
لـــوا بـــەو مـــەکان ئەســـڵ مـــاوای وێـــش

کۆشـــی "کەیۆمـــەرس"[١٢] بەکۆشـــی "جەمـــشید"[١٣]
کـــــۆن پەهلـــــەوانان دلێـــــر و ڕەشـــــید
کـــــۆن شاســـــواران مەرســـــەعی پۆشـــــان
تـــا مـــــەردن پـــــەری مـــــەردی مەکۆشـــــان
کۆشـــــی "قـــــەهرەمان"[١٤] ســـــاحێب قـــــین و قـــــار
هـــەر هـــەفت قوللـــەی قـــاف، کـــەردش یەختەســـار

---

[١٢] کەیکاوس یان کاوس لە شانامەی فیردەوسی دا ناوی هـاتووە، کـەیقوباد لـە کاتی مردنی دا کەیکاوسی بە پاشا داناوە.
[١٣] جەمشید کوڕی تەهموورسی پێنجەمین پاشای پێشدادییە، ئەفسانەکان وای دیاری دەکەن کە ٧٠٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە و جەژنی نەورۆزی کردووەتە ڕۆژی شادی و سەری ساڵی نوێ.
[١٤] یەکێکە لەو پاڵەوانانەی داستانی شیعری بەناوە هاتووە، لە ئەدەبی کـوردی و فارسیدا، بەناوی ( قارەمان و قەیتەران )ە.

شەش کەڕەت جە بەحر خونخوار بیٚ پەی
شکا وا تەلیسم "کەیۆمەرس کەی"[15]
نەڕای هیند، چەنی فیلانی جەنگی
یەکا یەك ڕام کەرد بەگورز سەنگی
هەر چەندە دێوان دەوری دەوار بی
تەمام جە دەستش خاتر زگار بی
وە پەیکان تیر شای مارانش کوشت
"شامۆرە"ش[16] ئاوەرد کەردش نە ئەنگوشت
ئەوسا جەو دما بەور بیٚ گەزاف
پەری قەمەر ڕووخ شی بەقوللەی قاف

---

[15] کەیۆمەرس یان کەیوومەرس: یەکێکە لە پاشاکانی ئێران، ٣٠ ساڵ پاشایەتی کردووە، ئەم پاشا لەناو کێوەکانا ئەژیا لەگەڵ لایەنگرانی، ئاژەڵی وەك پڵنگیان دەکوشت و پێستەکەیان لەبەر دەکرد.

[16] شامۆرە: جۆرە کەرەستەیەکە وەکو ئەنگوستیلە بۆ تەڕدەستی یان چاوبەستی کەڵکی لیٚ وەردەگیرێت.

ئەژدەر چەشم دێو ئەكوان عەتار
چەند هەزار دێوان كەردش نگوونسار
چەند كەللەی دێوان بەتۆتیا كەرد
تا كە قەمەر ڕووخ جە بەند بەر ئاوەرد
ئەوسا جەو دما فارغ بی نە جەنگ
چەند نەڕە دێو بەرد، ئەو بەلای "هۆشەنگ"[١٧]
نامش مەشهوورەن جە تەمام عام
ئاخر سەرئەنجام نیاوا بەكام
كۆشی شای "زووحاك"[١٨] لەشكر هۆشەنگ
كۆ "ئەفراسیاو" فەرزەند پەشەنگ

---

[١٧] هۆشەنگ: یەكێكە لە شاكانی پێشدادییە، ناوی لەشانامە دا هاتووە.

[١٨] زووحاك: پیاوێكی شەڕانی زاڵم بووە، بەدەستی كاوەی ئاسنگەر خوێنی ڕژاوە.

کۆشـــی "تـــەیموور شـــا"،[١٩] "فەرەیـــدوون فـــەڕ"[٢٠]

"ســــــام نــــــەریمان"،[٢١] چــــەنی "زاڵ زەڕ"[٢٢]

بەکۆشـــــی "ڕۆســـــتەم"[٢٣] پەهلـــــەوان کـــــار

کوشـــــەندەی دێـــــوان، نـــــامی نامـــــدار

هـــەفت خـــوانی دێـــوان، زیـــر و زەبـــەر کـــەرد

نـــــەژاد دێـــــوان، جـــــە بـــــێخ بـــــەر ئـــــاوەرد

هـــەر چـــەند نـــەڕە دێـــو ئـــەژدەها و شـــێر بـــی

یـــــەك یـــــەك گرفتـــــار بـــــەور دلێـــــر بـــــی

---

[١٩] تەیموور: کوڕی برزۆیە و بە تەیمووری شۆخ کەمان یا کەماندار بەناوبانگە.

[٢٠] فەرەیدوون یەکێکی دییە لە پاشاکانی پێشدادیی، بە پلانی کاوە شۆڕشی دژی زووحاك بەرپا کرد و بوو بە پادشا.

[٢١] سام کوڕی نەریمانە، یەکێکە لە پاڵەوانەکانی شاهنامە و یەکێکیش بووە لە پیاوە گەورە و بەجەرگەکانی ئێران.

[٢٢] زاڵ: باوکی ڕۆستەمە، ئەم پیاوە یەکێکی ترە لە پاڵەوانەکانی شاهنامە و جێگای پرس و جۆی شاهانی کەیانی بووە.

[٢٣] ڕۆستەم: کوڕی زاڵە و لە ئەدەبی کوردی و فارسی دا بە ڕۆستەمی زاڵ ناسراوە.

دیدەی "کەیکاوس"[٢٤] ڕۆشن کەرد بەتاو
خەڵاس کەردەوە دلێران داو
گلێمینە گۆش بی، وە غوڵامش
بەبر بی وە لوقمەی تێغ، بێ ڕامش
چەند زەربە پێکا بەفەغفووریان
چەند بەردش تاراج "سەلم و توور"[٢٥]یان
چەند خوون ڕێزی کەرد، جە ئادەمیان
چەند بی وە قاتڵ دێو و پەرییان

[٢٤] کەیکاوس یان کاوس لە شانامەی فیردەوسی دا ناوی هاتووە، کەیقوباد لە کاتی مردنی دا کەیکاوسی بە پاشا داناوە.

[٢٥] سەلم و توور: کوڕی فەرەیدوونە، سەلم و توور سێ بران بەناوی: سەلم و توور و ئیرەج.

"چین"، چەنی "ماچین بەلْخ و بووخارا"[26]

تەمام غارەت کەرد سەرکەردەی دارا

"توووران"[27] جە تابش شەو نمەکەرد خاو

چەند نێش دا بەجەرگ شای "ئەفراسیاو"[28]

هەر چەند نەڕە دێو توونەد و سەرکەش بی

هەر چەند پەهلەوان چین و "حەبەش"[29] بی

ئێران و توووران، دنیا سەرانسەر

کەس نەبی هەمتای بەور دلاوەر

---

[26] چین: مەبەست لە وڵاتی چینی ئێستایە.

ماچین: شارێکە لە وڵاتی چینی ئێستا.

بەلْخ: بەلْغ، شارێکە دەکەوێتە ئەوپەڕی ئێرانەوە، شارێکە لە بووخارا.

[27] وڵاتی تورکیای ئێستایە، جاران ئەو شوێنانە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان دا بووە و پێی وتراوە: توووران.

[28] ئەفراسیاب یان ئەفراسیاوی تووورانی: هەمیشە لەو بیر و باوەڕەدا بووە بۆ لەناوبردنی ڕۆستەمی زاڵ، کچێکی هەبووە بەناوی فەرەنگیس، دای بە سیاوەش و کەیخوسرەوی لێکەوتەوە، ئەم کەیخوسرەوە بووە بە پادشای ئێران.

[29] حەبەش: دیسان ناوی شارێکی کۆنە لە بەشی خۆرهەڵاتی ئافریقادا.

دێو سفیدش کوشت "سوورخابش"[٣٠] سەرکەند
چەند نەڕە دێوان گیردا وە کەمەند
ئاخر سەرئەنجام شێر سەهمناك
بەوێنەی یاران غەڵتان بی وەخاك
"سوهراب و برزۆ"[٣١] چەنی "فەرامەرز"[٣٢]
"جەهانگیر"[٣٣] بەور دەنگی نامی بەرز

---

[٣٠] یەکێکی دییە لە پاڵەوانەکانی شانامە و دەڵێن دێوی کوشتووە.

[٣١] سوهراب: یان زۆراب: کۆڕی ڕۆستەمی کوڕی زاڵە، لە باوکی دابڕا و دواتر بەشێوەیە ناشناس لەگەڵ باوکی کەوتە جەنگەوە و بە دەستی باوکی کوژرا، باوکی بەو نیشانەیەی بۆی دانابوو پاش کوشتنەکەی دۆزییەوە.
برزۆ: کوڕی ڕۆستەمە و یەکێ لە پاڵەوانەکانی شاهنامە و سەردەمی کۆنی ئێرانە.

[٣٢] فلامەرز: کوڕی ڕۆستەمی کوڕی زاڵەبووە.

[٣٣] جیهانگیر: کوڕی فەرامەرز کوڕی ڕۆستەمی کوڕی زاڵە، جەهانگیر و جەهانبەخش زیاتر لە شاهنامەدا ناویان هاتووە، بەکوڕی فەرامەرز ناسراوە.

کۆشـی "جەهانبـەخش"،[٣٤] کـۆن "کـاوس کـەی"
کۆشـــی هـــەفت لەشـــکەر دەعـــوای دەشـــت ڕەی
کۆشـــــی کەیخوســـــرەو شــــای والاّ مــــەقام
کـــۆن هـــۆش و تـــەدبیر، پـــیران پـــەڕ فـــام
بەکۆشـــی "تـــووس و هـــەم گـــوو دەرزیـــان"[٣٥]
کـــۆ ســـاز و کـــۆ زێـــب، "فـــەریبورز"[٣٦] یـــان
کـــۆ بـــاغ ئـــیرەم، شـــای "شـــەداد"[٣٧] یـــان
کـــۆ زوڵـــم و ســـتەم، ئـــەهل "عـــاد"[٣٨] یـــان

---

[٣٤] جەهانبەخش کوڕی فەرامەرز کوڕی ڕۆستەمی زاڵە، یەکێکە لەو پاڵەوانانـەی کە لە شانامەی فیردەوسی دا ناوی هاتووە.

[٣٥] تووس و هەم گوو دەرزیانم بۆ ساغ نەکرایەوە.

[٣٦] یەکێکی دییە لە کەسایەتییەکانی نێو شانامە و ناوی لە شانامەدا هاتووە.

[٣٧] شەدداد: کوڕی عادە، یەکێکە لە پاشاکانی وڵاتـی عـاد، باخـچەی ئیرەمـی دروست کرد و وتوویەتی ئەمە باخچەی بەهەشتی ئیرەمە.

[٣٨] وڵاتی عاد: خوای گەورە پێغەمبەر عادی نارد بۆ سەریان و خـەریکی زوڵـم و ستەمێکی زۆر بوون.

کۆشی بەدگۆیی ئەهل "هوود"[39] یان

کۆشی گومڕایی قەوم "لووت"[40] یان

کۆشی سەرهەنگان خێڵ "دانیالیان"[41]

کۆشی پەرییان، شای "شابالیان"[42]

"تەشداد" و "گەشداد"، "تەنگەڵ و شەنگەڵ"[43]

جمهوور و جەماڵ، زەڕ تەڵ شەڕ تەڵ

---

[39] مەبەست لە ئەهلی هوودە کە پێغەمبەر هوودیان بۆ نێردرا لەلایەن خوای گەورە و سوورەتێك بەناوی ئەم ئەهلەوە هاتووە لە قورئانی پیرۆزدا.

[40] مەبەست لە قەومی لووتە : ئەم قەومە پێغەمبەرێکیان بۆ ڕەوانە کرا لەلایەن خوای گەورە و خەریکی کاری خراپە و نێربازی دەبوون، دوایی خوای گەورە هەموویان لەناوبردن.

[41] دانیال: دەڵێن یەکێکی دییە لە پێغەمبەرانی خوا، هیچ بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراومان بەدەستەوە نییە، لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم ناوی هەندێ لە پێغەمبەران لە قورئاندا هاتووە و ناوی هەندێکی دییان نەهاتووە.

[42] ئەم وشەیەش نەمزانی مەبەستی لە چی شوێنێکە.

[43] ئەم دوو شوێنەشم بۆ ساغ نەکرایەوە و نەمزانی مەبەستی لە چ شوێنێکە.

هەر یەك زیاتەر جە شێر نەڕ بین
مەحبووس دووستاخ، خاك خەتەر بین
بە کۆشی "نەمروود"، [44] "فیرغەون"[45] ئەحمەق
کۆیاڵ و باهووی عووج بن عەنەق
کۆ زەنجیر عەدڵ، "نەوشیروان"[46] دەور
کۆشی دلێران، پڵنگان بەور
کۆ گەردەن کەشان، عەیار خوونخوەر
ئەو هەم بەڵەد بی، دنیا سەرانسەر

---

[44] پاشایەکی سەردەمی پێغەمبەر ئیبراهیم بووە، خاوەن دەسەڵات و پلە و پایەی زۆر بووە.

[45] فیرعەون: ناوی وەلیدی کوڕی مەسعەبە، بە فیرعەون ناوی هاتووە لە قورئاندا، لە سەردەمی پێغەمبەر مووسادا بانگەوازی خودایەتی دەکرد، هەر ئەو خراپە و تاوانکاریی و کوڕ کوشتن و هێشتنەوەی کچ، وای لێکرد ببێتە هۆی لەناو بردنی لە ئاوی نیل دا، تاکو ئێستاش لاشەی فیرعەون لە میسردا پارێزراوە.

[46] نەوشیروان یەکێکە لە پاشاکانی بنەماڵەی ساسانی لە ئێران، ئەم پاشایە زۆر بەناوبانگ بووە، زۆر داد پەروەر و دز و جەردەی وڵاتەکەی لەناو بردووە.

سۆسەن خوون ڕێز، سووهەیل میعیار
بەرق فەرەنگی، فیتنەی بەد ڕەفتار
کۆشی ئەژدەر چەم ئەکوان عەتار
کۆشی دێو سفید مەلعوون موردار
دوو سەد جە سەران، دێوان پەڕ لاف
شاخدار شاخداران، پشت کۆهی قاف
یەکا یەك تەمام خاستەر نەسەر بین
مەحبووس دووستاخ، خاك خەتەر بین
کۆشی "ئەسکەندەر"[47] شای بووڵەند ئەختەر
هەفت ئەقلیمش گرت بەور پەڕ هونەر
کۆشی شاه ڕووخشا، شاباڵ پەری
حدوودشان چەرخ ماه و موشتەری

---

[47] مەبەست لە ئەسکەندەری مەکەدۆنییە.

کۆ "حاتەم تەی"،[48] "خەسرەوی پەروێز"[49]
تەلاّی دەست ئەفشار، شیرین و شەودێز
کۆ پادشاهان شای سەفی نەسەب
ساحێب بەزم و ڕەزم نیشات و تەرەب
"گۆسولتان حوسێن"[50] خێلّ شا "عەباس"[51]
کۆ عینایەتی "مەحموود و هەیاس"[52]

---

[48] مەبەست لە حاتەمی کوڕی عەبدوڵلاّی ئەلتائییە، پیاوێکی ناوداری عەرەب بووە، بەخشندە و سەخی بووە، لە کۆتایی ساڵەکانی پێش ئیسلامدا ژیاوە، کە بە حاتەمی تەیی ناوبانگی دەرکردووە.
[49] دۆستی شیرین بووە و یەکێك بووە لە شا بەناوبانگەکانی ساسانیان.
[50] مەبەست لە برا و خێزان و کەس و کاری ئیمامی حوسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالبە، واتە: ئالوبەیت.
[51] مەبەست لە ئیمامی عەباسی مامی پێغەمبەرە.
[52] مەبەست لە سوڵتان مەحموودە و هەیاسی دووڕناسە، پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە.

کۆشی زەڵم و جەور، "نادر شا"ی[٥٣] ئێران
ئێران و تووران، یەکسەر کەرد وێران
بەکۆشی ئازاد "کەریم خان زەند"[٥٤]
کۆ شاهان ڕۆم دانای دڵپەسەند
کۆ شاه سواران، شێخان عەرەب
"بلّباس و کرماج"،[٥٥] "بەغداد و حەلەب"[٥٦]
یە گشت بەکۆ شین، چێش ئاما لێشان
گرد ئەنا لوان کەس ناما لێشان
هام سەرانمان دایم ئەل ئەوقات
چین چین مەویەران بەڕای کەس نەهات

---

[٥٣] مەبەست لە نادر شای ئەفشارە، یەکێکە لە شاکانی وڵاتی ئێران.
[٥٤] مەبەست لە کەریم خانی زەندییە، لە بنەماڵەی زەندییەکان و لە بنەچەدا کوردە، دەسەڵاتی گرتە دەست لە ئێراندا و پیاوێکی داد پەروەر بوو.
[٥٥] دوو خێڵی کۆنی کوردن.
[٥٦] مەبەست لە شاری بەغدادی پایتەختی وڵاتی عێراقی ئێستایە.
حەلەب: شارێکی کورد نشینە لە وڵاتی سووریای ئێستا.

سەدای تەپڵ مەرگ هەر ڕۆ نەمەرزێ
ماوەرۆ مەقام عەجایب تەرزێ
نە ئێوار تا سووب، نەسووب تا ئێوار
بار بەندیشانەن هەر ڕۆ دە هەزار
نەشا مەمانۆو نە سوپا و سانش
نەقەسر و جامڕێز جاه و مەکانش
نەتۆ مەمانی، نە بەندەی کەمتەر
کەسێ بەر نمەشۆ دایەرولبەشەر
پەرێ وێت شین کەر، بە تەعجیل و دەو
کەم واوەیلاکەر پەی شین خەسرەو
حەسرەت مەردەن، سەرت سەلامەت
هەنی بکێشە ئاهی نەدامەت
(ئەحمەد) کە شەوان هەر نەزارییەن
پەی دەرد موشکڵ بێ قەرارییەن

## چراخ دێوانه*

چـــــراخ دێوانــــــه، چـــــراخ دێوانــــــه
دڵ پــــەی زوڵـــف تـــۆ بییـــەن دێوانـــه
ئەوســــا مەکـــــەردی زوڵفـــــان شـــانه
یـــەکتایی بەعیـــشق، یـــەکتایی یەگانـــه
بـــدەر پـــەی زەنجـــیر، دڵـــەی مـــەجنوون خـــۆ
پـــەرێ دێوانــــان، بـــــه زەنجـــیرێ مـــەبۆ
خـــۆ حاجـــەت نییـــەن بەنۆشـــم بـــۆ
ســـەیاتی جـــه زوڵـــف کلافـــەت کـــەم بـــۆ
تاکـــەی دڵ پـــەی زوڵـــف تـــۆ دێوانـــه بـــۆ
گیـــانم بەفیـــدای پەنجـــه و شـــانه بـــۆ

---

* ئەم هۆنراوەش له کەشکۆڵی موحەممەد سادق وەرگیراوە، بەڵام لە دیوانی خاڵۆی کۆماسی دا هاتووە، لێرەدا دێرێکی له دیوانەکه زیاترە، بۆیە بەباشم زانی بڵاوی بکەمەوە....

# چراخ غەمگینم*

چراخ غەمگینم، چراخ غەمگینم
مەلوول بەدهۆش، مات و غەمگینم
زەلیل و زامدار، دیدەی نەمینم
ڕازیم بە مردن، بێزارم جە ژینم
جارییەن نە چەم، سەیل ئەسرینم
گیرۆدەی هیجران، دڵ ئاهرینم
ئاه ئاهرین، مەکێشۆن هەردەم
هەر هەرسینم، جارییەن نە چەم
زام نۆ، لێم هەم ئامان وە سۆ
زووخاوی زامم، نەدامان مەشۆ

---

* ئەم هۆنراوەش لە کەشکۆڵی موحەممەد سادق وەرگیراوە، هۆنراوەکە لە دیوانی خاڵۆی کۆماسی دا هاتووە، جگە لەوەی لێرەدا جیاوازی وشەیی هەیە، هەروەها لە ڕوویەکی دیشەوە ئەم شیعرە لە دیوانی خاڵۆدا ١١ دێرە و لێرەدا ١٢ دێرە.

گـــــیرۆدەی زەنجـــــیر، بەنــــــدی وەســــــتاخم
مـــــات و ســـــەرگەردان، پامـــــاڵ ئـــــاخم
ڕۆی ڕۆشـــەن، جـــە لام چـــوون شـــەوی تـــارەن
شـــــەهدی شـــــــیرینم، وە ژاری مـــــــارەن
بـــەو تـــەور مەینـــەتان، وەنـــەم بارییـــەن
جەســـتە خەســـتەی وێـــم، جـــە یـــادم شـــییەن
ســـووپای هیجرانـــان، جـــە لام بییـــەن جـــەم
خەڵاســـیم نییـــەن، ئـــەمجار خـــاتر جـــەم
مـــەر چـــەند خـــەیاڵان مـــاوەرۆن وە دڵ
زام کـــاری مـــن، تـــیر مـــەدۆ وە چـــڵ
مـــەر بـــە لوتـــف وێـــش قـــازی ئـــەلحاجات
نـــەی گێجـــی مەینـــەت بـــدەرۆم نـــەجات
وەرنـــە بـــە گیانـــت شـــای خـــەم ســـیاوان
جـــە دووری بـــاڵات، گیـــان وە لـــەب یـــاوان

## چراخ کەردە بۆ*

چـــراخ کـــەردە بـــۆ، چـــراخ کـــەردە بـــۆ
ئـــەو هـــەنیچ وە کـــەس پەنـــەم کـــەردە بـــۆ
دڵ جـــامی ئـــەنجام، مـــەرگش وەردە بـــۆ
تـــەن تەشـــریف وە شـــار خـــامۆش بـــەردە بـــۆ

---

* ئەم پارچە شیعرە لە کەشکۆڵەکەی موحەمەد ساق وەرگیراوە و هــەر ئەوەنــدەی نووسیوە، وەکو دیارە پارچەکە ناتەواوە.

# چراغم بێ ڕام*

چـــــراغم بــــێ ڕام، چــــــراغم بــــێ ڕام
مەترســــۆن جــە جــەور گــەردوون بــێ ڕام
ماچــۆن: نــەك بــێ مــەیل ڕۆی ســەرئەنجام
وەنــــــەم شــــــۆ وە قــــین دەور و زۆت وەلام
بەوێنـــــەی مــــەجنوون ڕوو كــــەرۆ وە بــــەڕ
ڕەوان بـــۆ هوونــــاو، دیــــدەم كــــەرۆ تــــەڕ
ئـــــاهیر دووریــــــت نــــەدڵ گـــــیرۆ كـــــۆ
بنـــــــالۆ جــــــــە داخ دەرد دووری تـــــــۆ

---

* ئەم پارچە شیعرە لە کەشکۆڵەکەی موحەمـەد ساق وەرگیراوە و لە دیـوانی بێسارانی حەکیم مەلا ساڵح دا هاتووە، ئاماژەی بە پیتی (ك) کـردووە هەنـدێ جیاوازی هەیە لەنێوان هەردوو دەقەکەدا، هۆنراوەکەش هی بێسارانییە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لەنێو هۆنراوەکانی کۆماسی نووسرابوون، لێرەدا بڵاوم کردەوە.

قیبلـــەم ئـــەر گـــەردوون ئێـــدش بـــۆ نـــەدڵ
هێمـــای وەر جـــە گـــشت مـــن بـــەرۆ وە گـــڵ
پـــەی چـــێش جـــای ئەڵحـــەد تـــەنگنای گڵکـــۆ
خاســـــــتەرەن جـــــــە داخ دەرد دووری تـــــــۆ

## چراغم جەویر *

چـــــراغم جــــــەویر، چـــــراغم جــــــەویر

جــــە دمـــــای مـــــەردەن، نمەشــــیم جـــــەویر

ســـــا ئـــــەر وە گڵکـــــۆم ڕاَت گنـــــۆ تەقـــدیر

ســـــەنگ ئەڵحــــــەدم مـــــەبۆت دامـــــان گـــیر

زنهـــــار جــــە گڵکـــــۆم پــــا نەکــــەری کــــەم

ڕۆح ڕەوانم مـــــــــــەدارۆت وە چـــــــــــــەم

نەواچـــــی: مـــــەردەن هـــــا جــــە ژێـــر گـــڵ

هێمـــــای مـــــەیل تـــۆم، بـــەر نەشـــییەن جــە دڵ

---

* ئەم پارچە شیعرە لە کەشکۆڵەکەی موحەمەد ساق وەرگیراوە، هۆنراوەکەش لـە دیوانی بێسانی حەکیم مەلا ساڵحدا هەیە و لە لاپەڕە ١٨٦یە، هەنـدێ جیـاوازی لەنێوانیاندا هەیە، جگە لەوەش لە کەشکۆڵی عەبدولموئمینی مەردۆخی بـەناوی بێسارانییەوە تۆمار کراوە، کەشکۆڵەکەی عەبدولموئمین لـەم کەشـکۆڵە کـۆنترە، هـەر لـەم کەشـکۆڵەدا، جـارێکی تـر لـە بەشـی شـاعیراندا- ئـەم شـیعرە بڵاوکراوەتەوە.

ئــەو ڕۆ جــە ئەڵحــەد ســەر مــارۆن وە بــەر
وە مـــــەیل تــــۆوە مەشــــۆن وە مەحــــشەر
زەنــــگ بـــــەدنامیم زڕیــــا نەشــــاران
مــەسمووع بــی نــەپۆل فیرقــەی ئــەغیاران

# چراغم وازان

چراغم وازان، چراغم وازان
من جەخوداوەند تۆم ئاوات وازان
بەو شا کە شاهان پە نەش مەنازان
حەڵقە گۆشی تۆم، شای شەککەر ڕازان
ئەگەر گشت عالەم شەککەر ڕازان بان
ساحێب شەرت و شۆن، زوڵف درازان بان
غەیر جە تۆ فێشتەرلەیل جەمین جام
پەرێ و کەس نە بییەن خاو وەنەم حەرام

دڵ پابەند تۆن، شای پەینەت داران
بەو "بابا شێخە"ماڵ جە "بێساران"*

---

* ئەم پارچە شیعرە لە کەشکۆڵەکەی موحەمەد ساق وەرگیراوە و لە ساڵی ١٢٨٩ دا نووسراوەتەوە و چەند مێژووی تری تێدایە، بە پێی هەندێ لەو سەرچاوانەی کە باسی مردنی "کۆماسی"یان کردووە نزیکەی ١٠ ساڵ پێش مردنی نووسراوە، یان پاش مێژووی مردنی نووسراوە، واتە ئەم کەشکۆڵە ئەگەر دوای مردنی ئەو مێژووەش نووسرابێتەوە، لە ٣ ساڵ تێ نا پەڕێت، ئەوەی جێگەی باسە بۆ ئەم کەشکۆڵە پێم وایە خوودی نووسەری کەشکۆڵ شاعیر بووە، بەڵام ئەم شیعرە لە دیوانی خاڵۆدا نییە و لە دیوانی بێسارانی چاپی حەکیمی مەلا ساڵحدا دەبینرێت، من لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە.

جگە لەوەش جیاوازی زۆر لەنێوان دەقەکەدا هەیە، کاك حەکیم لە دیوانی بێسارانی دا ئاماژەی بەچەند دەستنووس کردووە، بەڵام بە پیتی (ك) واتە: کیومەرس نیك ڕەفتار و دیوانە چاپکراوەکەی ناوبراو، هۆنراوەکەی وەرگرتووە، لا پەڕە ٢١٩، لەم کەشکۆڵەدا خاسییەتێك هەیە زۆر جوان و باوەڕ پێکراوە، بۆ نموونە: باسی کۆماسی دەکات، نووسراوە ئەحمەد بەگی کۆماسی و شیعرەکانی ڕیزبەند کراوە و لە سەری نووسراوە (ولە)، لە کۆتایی نووسراوە تەواو بوو، دوایی بەهەمان شێوە دێتەوە سەر شاعیرێکی دیی... بەڵام لە کەشکۆڵی عەبدولموئمیندا ئەم هۆنراوە بەناوی بێسارانی تۆمار کراوە.

## دڵە زامی نۆ*

دڵـە زامـی نـۆ، دڵـە زامـی نـۆ
زایـف و زەبـوون، زەددەی زامـی نـۆ
چـەند تـیر کاریـت نـە دڵ گرتـەن کـۆ
ئـاخ پـەی بـەخت وێـم، دڵـە داخ پـەی تـۆ
مـن زەددەی هیجـران، غـەمناك زەدەی یـار
پێکیـای پێکـان، تایەفـەی تاتـار
دەروون سـیا زاخ، سۆچـیای خـەمان
پـەروەردەی کـەم چـاخ، خـار سـتەمان

---

* ئەم هۆنراوەیەش لە کەشکۆڵی موحەممەد سادق وەرگیراوە، بـەڵام لـە دیـوانی خاڵۆی کۆماسی دا هەیە و ١٤ دێرە، لێرەدا ٨ دێـرە، سەرسـوڕمانی لێـرەدا بـەدی دەکرێت لە دیوانی بێسانی کاك حەکیم دا هەیە و لە کەشـکۆڵی عەبدولموئیمنـدا بەدی دەکرێت... جگە لەوەش لە دیوانی بیسارانی دا جیاوازی هەیە و دێرێك لـە لای من زیاترە، هەروەها لە دیوانی بێسارانی سدیق سەفی زادەشدا هەیە....

کـــەردات بەســـەر مەشـــق زەمانـــەی بـــێ پـــۆ
ئـــاخ پـــەی بـــەخت وێـــم، دڵـــە داخ پـــەی تـــۆ
فـــــرەم وات: دڵـــــە مروەتـــــەن ئامـــــان
مـــەوزەم نـــە بـــەحر گێـــچی بـــێ ســـامان
ئیـــسە بگێـــرە دەســـت بـــە زامـــەوە
بـــــەزامی خەنـــــدەنگ نەونـــــەماوە
جـــە تـــاو زوڵفـــان ســـیای عەنبـــەر بـــۆ
ئـــاخ پـــەی بـــەخت وێـــم، دڵـــە داخ پـــەی تـــۆ

